Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10333

# کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کارتەکراوەکان لەسەر دەستهاتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان

**کریم احمد عزیز، هەڵۆ کریم محمد، أحمد رفيق كريم**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئاشنابوونە بە (کارایی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی کارتە کراوەکان لەسەر دەستهاتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبابەتی کۆمەڵایەتیدا). لەرێگەی وەڵامدانەوەی ئەو گریمانەیەی کەدەقەکەی دەڵێت جیاوازی ئاماری نییە لەئاستی ( 0,05 ) لەنێوان نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆلکراو لەتاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندندا. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر پشتی بەدیزاینی ئەزمونی نیمچە کۆنترۆڵکراو بەستووە بۆ دوو گروپی هاوسەنگ، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە قەزای پێنجوێن بۆ ساڵی خوێندنی ( 2021 - 2022 ) کە کۆی گشتی ژمارەیان دەکاتە ( 897 ) قوتابی. بە وەرگرتنی نموونەی ( 44 ) قوتابی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی کە پێکهاتووە لە قوتابخانەی ( جەلال مەحمودی بنەڕەتی)، دابەشکراوون بۆ دووکۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆلکراو بەجۆرێك ( 22 ) قوتابی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی کەبەستراتیژییەتی کارتەکراوەکان وانەیان پێوتراوەتەوە، و ( 22 ) قوتابی بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەرێگای ئاسایی وانەیان پێوتراوەتەوە، هەردوو کۆمەڵەکەیش لەرووی گۆڕاوەکانی وەك ( تەمەن، زیرەکی، پاڵنەری فێربوون، زانیاری پێشوو دەربارەی بابەتەکانی خوێندن، نمرەی ساڵی پاریان لەبابەتەکۆمەڵایەتییەکان، ئاستی خوێندەواری دایکان و باوکانیان ) هاوتاکردنیان بۆکراوە، تاقیکردنەوەی دەستهاتی خویندن ئامادەکرا و، راستگۆیی تاقیکردنەوە وهاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی و هێزی جیاکەرەوە و کارایی جێگرەوەی هەڵەکان بەهاوکێشەی تایبەت دەرهێنران، پاشان جێگیری بۆ تاقیکردنەوەکە دەرهینرا بەدوو هاوکۆلکە یەکەمیان هاوکۆلکەی (ئەلفاکرونباخ) کە بەهاکەی بریتی بوو لە (863 ،0)، رێگەی دابەشکردنی نیوەکردن بە(هاوکۆلکەی سپیرمان براون) کە بەهاکەی بریتی بوو لە (886 ،0 ) بوو، لەدوای جێبەجێکردنی ئەزموونەکە دەرکەوت کە جیاوازی مانادراری ئاماری هەیە لەناوەندی نمرەکانی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە دەستهاتی خویندن لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی، لەکۆتایدا کۆمەڵێك پێشنیارو ڕاسپاردە خرایەروو بۆ پاڵپشتیکردن لە توێژینەوەکانی داهاتوو .

*Article Info*

Received: April, 2023

Revised: April, 2023

Accepted: May 2023

*Keywords*

کارایی ، ستراتیژی کارتەکراوەکان، دەستهاتی خوێندن ، بابەتە کۆمەڵایەتیەکان

*Corresponding Author*

Karem.ahmad@garmian.edu.krd

hallokarim67@gmail.com

ahmed.karem@univsul.edu.iq

## 1بەشی یەکەم / ناساندنی توێژینەوە(التعريف بالبحث) Introductions the search

### 1-1 گرفتی توێژینەوە (مشكلة البحث) Research Problem:

دابەزینی ئاستی تێگەیشتنی خوێندکار لەبابەتەکانی خوێندن و دەستکەوتیان،بەیەکێك لە گیروگرفتە باوەکان دادەنرێت لە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتیدا لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهاتنی مامۆستایان لەسەر شێواز و ستراتیژەکانی وانەوتنەوەی کۆن و شارەزانەبوون یاخود پەیرەونەکردن لەو ستراتیژ و ڕێگاو شێوازانەی کە قوتابی دەکەنە تەوەری سەرەکی لە پرۆسەی

فێربوون، توێژینەوەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندایشدا ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ڕێگای وانەبێژی بەیەکێك لە ڕێگا باوەکان دادەنرێت لە پرۆسەی وانەوتنەوە ، ئەم بابەتەش بۆتە کێشەیەك ساڵانە چەندان توێژینەوەی ئەکادیمی و کتێبی لەسەر بڵاوبکرێتەوە، سەرەڕای کۆنگرەو کۆنفرانسە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و عێراق کە زیاتر جەخت لەسەر نوێگەرییە پەروەردەییەکان دەکەنەوە لەگەڵ پەیرەوکردنی ڕێگاوستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە لەوانەوتنەوەیاندا، بۆنموونە یانزەهەمین کۆنفرانسی- پەروەردەیی لەبەغدا بەڕێوەچوو لەساڵی 2005 ئاماژە بە ئاشناکردنی مامۆستایان بە شێوازەکانی وانەوتنەوە دەکات ، کە لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکانی جیهان بگونجێت تەنانەت ڕاپۆرتی یونسکۆ سەبارەت بە عێراق ئاماژەی بۆ نزمی ئاستی مامۆستایان لەوانەوتنەوەدا کردەوە ( سیوەیلی : 2012 ص6 ) سەبارەت بە کوردستانیش کۆنفرانسی- سێیەمی پەروەردەیی لە ( 10- 12 / 9 /2001 ) و کۆنفرانسی- چوارەمی پەروەدەیی لە ( 22- 24 / 5 / 2007 ) جەخت لە گۆڕانکارییە پەروەدەو فێرکارییەکان دەکەنەوە . توێژەر لەگەڕان بەدوای ئەو توێژینەوانەی کەباس لەم کێشەیە دەکەنەوە، بەتایبەت ئەو توێژینەوانەی کە ئەزمونی ستراتیژیەتێکی نوێیان کردووە، چەندین توێژینەوەی دەستکەوت لە شوێنە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کە بەڵگەن بۆ پەیرەونەکردنی ڕێگاو ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە وەك توێژینەوەکانی (شێرزاد : 2012 ، ئالان 2014 ، خەڵات :2015 ، ئەژی 2016 ، ڕنگین 2016 ، ) چەندین توێژینەوەی تر..، توێژەر بۆ دڵنیابوون لەهەبوون و هەستکردن بەم کێشەیە بەشێوەی هەرەمەکی سەردانی چەند قوتابخانەیەکی سنوری قەزای پێنجوێن و چەند گوندێکی دەوروبەری کردووە ئەم کێشەیەی بەدیکردوە لە قوتابخانەکانی سەر بە پەروەردەی قەزاکە و، بەتایبەت کاتێك پرسیار لە مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان و، قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی دەکات زیاتر ئەمەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، هەروەها کاتێك ئامادەیی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بووە و، بۆ زیاتر دڵنیابوونەوە لەکێشەکە توێژەر دوو فۆرمی ڕاپرسی کراوەی ئامادەکرد لەشێوەی چەند پرسیارێك سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان لە وانەوتنەوەیان و کێشەی پاڵنەری فێربوون و دەستهاتی خویندن لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، ئەنجامەکەی بەم شێوەیە بوو ( 70% )ی مامۆستایان پشتیان بەڕێگەی وانەبێژی و پرسیارو وەڵام بەستبوو، هەروەها( 30% ) کێشەکەیان دەگەڕاندەوە بۆ دەستەبەرنەبوونی ئامرازەکانی فێربوون و ژینگەی قوتابخانە..هتد.

سەبارەت بە ئەنجامی وەڵامی قوتابیان ( 72 % ) ڕازی نەبوون لە وانەوتنەوەی مامۆستای بابەتەکۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ نەبوونی چالاکییەکانی پۆل و بەشدارپێنەکردنیان لەلایەن مامۆستاوە، هەر بۆیە توێژەر بیری لە بەکارهێنانی ستراتیژێکی نوێ کردووە لەسەر بنەمای هەندێك لەتوێژینەوەو ئەدەبیات کە وایاندەبینی پەیرەوکردنی ستراتیژێکی وەك (ستراتیژی کارتەکراوەکان) قوتابی دەکاتە تەوەر و بەشداریەکی چالاکانەی پێدەکات لە وانەوتنەوەدا، کە ئەمەش بۆخۆی گرفتی توێژینەوەکەمانە، چونکە ستراتیژی کارتەکراوەکانە ، توێژەر پێشبینی ئەوەی لێدەکات لەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ببێتە هۆی زیادکردنی دەستهاتی خویندن.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە دارێژراراوە :

_ ئایا بەکارهێنانی ستراتیژییەتی کارتەکراوەکان، کارایی دەبێت لەسەر زیادکردنی دەستهاتی خوێندنی قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ؟

## 2-1 گرنگی توێژینەوە (أهمية البحث) The : importance of research

سەرەتای ئەم سەدەیە جیهان هەنگاوێکی گەورەی نا لەسەرجەم بوارەکانی ژیان، ئەو هەنگاوە بەشێوەیەکە ڕۆژانە داهێنانی جۆراوجۆر لەبوارە جیاوازەکاندا دەبینرێت، ئەو داهێنان و گۆڕانکاریانە بواری پەروەردەشی گرتووەتەوە، ئەمەش لەسەر کۆمەڵگەکانی پێویست کردووە سیستەمێکی پەروەردەیی نوێ و گونجاو پەیرەوبکەن کە هاوشانی ئەوگۆڕانکاریانە بێت. بۆیە دەوڵەتانی پێشکەوتوو لەپێشبڕکێدان گەشە بە سیستمی پەروەدەییان بدەن بەشێوەیەکی گشتگیر کەسەرجەم پیکهێنەرەکانی پەروەردە لەخۆبگرێت .

سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە دەکەوێتە لەسەر کۆمەڵێك رەگەز و پێکهێنەر وەستاوە، وەك پرۆگرامێکی خوێندنی شیاو، ئامرازی فێرکاری نوێ و بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو، خوێندنگەی شیاو، لەوپێکهێنەرانەن کەرۆڵی بەرچاو دەبینن لەسەرخستنی پەروەردە . ( سیوەیلی : 2007 ، ل 5 ).

پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەیی پلانێکی پەروەردەییە و کۆمەڵێك توخم لەخۆدەگرێت کەپێکهاتوون لە:- ( ئامانجەکان ، ناوەڕۆك ، فێرکردن ، هەڵسەنگاندن ، فەلسەفی و ، کۆمەڵایەتی ، دەروونی و مەعریفی ..هتد)، پەیوەست بە قوتابیو کۆمەڵگەوە لەدۆخەکانی فێربوونی پەروەردەیی لەناوەو دەرەوەی قوتابخانە لەژێرچاودێریدا بەکاردەهێنرێت وەك پێکهێنەرێکی پرۆسەی پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سەرکەوتن و گەشەکردنی کەسایەتی تاك لەلایەنی دەروونی و

سـۆزداری و کۆمەڵایـەتی و مەعریفییەکانـدا ..هتـد( سـعادة و ابراهیم : 2014 ، ص 62 ) .

خوێندنی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان وەك بڕیارلێدراوێکی خوێندن لەکۆمـەلێك بابـەتی ڕێکخـراو پێکـدێت کە لیکۆڵێنـەوە لـەو پەیوەندیانە دەکات کە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر دەبەستێتەوە، سەرەرای ئەو پەیوەندیانە لەگەڵ میراتی کلتوور و پێشکەوتن و ڕەوتی شارشـتانیەتی هاوچەرخـدا گرێـدەدات، ئامـانج لێیـان باشکردنی پەیوەندییەکان و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی پێشکـەوتنی مرۆڤایەتی و گەیاندنیان بەبەختەوەریی (الزبیدی : 2009 ، ص 33 ).

مـێژوو وەك یەکێـك لە بابـەتە کۆمەڵایـەتیەکان گـرنگی خــۆی هەیــە بــەوەی تۆمــارێکی دوورودرێــژو ڕێکخــراوە لەڕووداوەکانی مرۆڤایەتی، باس لەڕاستییەکانی ڕابردوو دەکات و بەئێسـتاوە دەیبەسـتێتەوە، بـۆ ئـەوەی تـاك بـۆ ژیـانی داهـاتوو ئامادەبکات، مـێژوو تـەنیا چـیرۆك و حەکایـەتی پێشـینان نییـە دەربـارەی ڕابـردوو، بـەڵکو ئێسـتا بەرهـەمی ڕابـردوو داهـاتویش بەرهـەمی ئێسـتاو ڕابردووە. ( الجبوری ، واخـرون : 2011 ،ص 9-10 ). ڕاسـتی مـێژوو لای ئیـبن خەلـدوون دەنـگ و بـاسی کۆبونـەوەی مرۆڤایەتیـە و ئاوەدانکردنـەوەی جیهانـە، نـاوبراو بەشێوەیەکی گشتگیر دەڕوانێتە مێژووکە مێژووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیریش دەگرێتـەوە و هـەموو سـەردەمەکان گـرنگی خـۆی هەیە لە پێشکەوتنە مرۆڤایەتییەکاندا بەم تێڕوانینە بۆ مێژوو دەگەینە ئەوەی کە خوێندنی مێژوو گرنگییەکی تایبەتی خـۆی هەیـە و پەیوەسـتە بەهـەموو زانسـتەکانی تـرەوە . تەنانـەت پــەروەدەو فێرکــردنیش ناتوانرێــت جیابکرێتــەوە لەڕەوتــە مێژوویەکان.( الملاح : 2011 ، ص 133 ) .

خوێندنی بابەتی مێژوو وەك بابەتێکی کۆمەڵایەتی بەسوودە لە تێگەیاندنی قوتابی بە پێشکەوتنە شارستانیەتە مرۆڤیەتیەکان وبەسـتنەوەیان بـەحاڵی ئێسـتاو داهـاتوو، ئەمەش خـودی خوێندنی مێژوو مانادار ئەکات و وای لێدەکات خاوەنی ئامانجی دیاریکراو بێت.

هــەموو ئەمانــەی خرانــەڕوو وەك بەشــدارێك لەپرۆســەی پەروەردا نـاتوانن بەرهـەم و ئـەنجامی بـاش بـدەن بەدەسـتەوە ئەگەر مامۆستای کارامەو لیهاتوو نەبێت و ژینگەی گونجاوی بۆ بسازێنێت. پەروەردەی نوێ زیاتر جەخت لەوەدەکاتەوە کە مامۆستا دەبێ وەك سەرپەرشتیار کاربکەن، میتۆدەکانی کارکردن دەبێ بـەپێی پێویسـتییەکانی قوتـابی گۆڕانکـاری تێـدا بکرێـت، هەمووکـەس مـافی گەشـەکردنی هـەبێت، حـەزوو ئارەزووەکانی قوتـابی لەبـەرچاوبگیرێت بـۆ ئەوەی پـاڵنەری فێربـوونی بـۆ زیادبکرێت. ( سعید : 2015 ، ص 311 ) .

یەکێك لەولایەنە گرنگانەی کە ئاستی کارامەییەکانی مامۆستا پیشان دەدات بریتیە لە گرتنە بەری ئەو ڕێگاو ستراتیژیانەی کە کاراییان سەلمێندراوە وگونجاوە لەگەڵ ئاستی گەشەی قوتابی و ژینگـە و بابـەتی خوێنـدندا، وانەوتنـەوە چالاکییـەکی پیشـەییە لـەسێ پرۆسـەی سـەرەکی پێکـدێت ئـەوانیش: (پلانـدانان ، جێبەجێکردن ، هەڵسەنگاندن) بەئامانجی یارمەتیدانی قوتابی بۆ فێربوون(زەیتون ، 2006 ، ص8).

بۆیە وانەوتنەوەی سەرکەوتوو پەیوەستە بەو ستراتیژیەت و ڕێگا و شێوازانەی مامۆستا دەیگرێتەبەر لە ناو پۆلی خوێندن لەپێناو گەشەپێدانی پاڵنەری قوتابی، باشتر وایە مامۆستا ئەو ستراتیژیەتانە بگرێتەبەر کە ڕۆڵی قوتابی تێیاندا کارایە. بەتایبەت ئەو ستراتیژیانەی کە زیاتر لەهەستەوەرێکی قوتابی دەخەنەگەڕ لــە بیرکردنــەوەو بەشــداریکردن و ئاوێتــەبوون، لەگــەڵ وانــەووتنەوە، وەك ( جــۆن دیــوی ) دەڵێـت :"بیرکردنــەوە کردەیـەك نییـە تـەنها لەناومێشـك یـان لـەنیوان مێشـك و ئۆرگانـەکانی دەنگـدا ڕووبـدات، بـەڵکو دەسـتەکان، پێیەکـان، هـەموو ئۆرگانـەکان و چالاکییـەکان وەك یـەك بـۆ بیرکردنـەوەو گۆڕانکارییەکانی ناومێشك گرنگن.( سەعید : 2019 ل 13 ).

ستراتیژییەتی کارتەکراوەکان یەکێکە لەڕێگا کاریگەرییەکانی فێرکــاری بــەگروپ بــۆ زۆرێــك لەبابەتــەکانی خوێنــدن بــەکاردەهێنرێت لــەقۆناغی باخچــەی منــداڵان دەتوانرێــت بەسـادەو سـاکاری بەکاربهێنرێت بـۆ قۆنـاغی بنـەڕەتیش بـەپێی ئاستەکان دەتوانرێت بەکاربهێنرێت ، واتە لەگەڵ هەڵکشـان بـەرەوقۆناغی بنـەڕەتی میکانیزمـەکانی پرسـیاردانان لـەم سـتراتیژە دەگۆڕێت چاوەڕوان دەکرێ کاریگەری گەورەی لەسەر قوتابی هەبێت، هەروەها دەبێتە زیادکردنی پاڵنەری فێربوون و هەموو قوتابیانی گروپ ئەرك و مـافی خۆیان دەبێت و جۆرێك لـەچێژ وەرگـرتنی بۆهـەر قوتابییـەك تێدایـە، بـەپێی ئـەو ڕۆڵـەی پـێی دەسپێردرێت (عەزیز، 2021، ل60).

ســتراتیژییەتی کارتــەکراوەکان وەك ســتراتیژییەکی فێربــوونی هەروەزی و فێربوونی چالاك ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە کارەکانی ( ڤیگۆتسـکی ) نیشـانمان دەدەن کـە فێربـوون لەگـەڵ کەسـانی دیکـەو شانبەشـانی ئـەوانی تـر ڕوو دەدەن ، ( ویلیـام گلاسـەر ) سـەلماندوویەتی لەسـەد 9_10 ئەوشـتانەی کەدەیخوێنینـەوە فێریـان دەبـین وەلەسـەدا 20 ئەوشـتانەی دەیبیسـتین ، وە لەسـەدا 30 ئەوشـتانەی کـەدەیبینین لەسـەدا 50 ئەوشـتانەی کـەدەیبینین و دەیبیسـتین لەسـەدا 70 ئەوشـتانەی لەگـەڵ کەسـانی دیکـە بـاسی دەکـەین لەسـەدی 80 ئەوشـتانەی کـەخۆمان ئـەزموونی دەکـەین فـێری دەبـین و 90 لەسـەدی ئەوشتانەی کەفێری کەسانی تری دەکەین ( Jolliffe ; 2007 ; p 2 ) . ئەم ستراتیژییەتە ژینگەیەکی گونجاو دەڕەخسێنێت کەدەرئەنجامەکەی گـرنگی هەیە بەسەر هەستە ئەرێنیەکانی قوتابی ، بەوەی کەهەستێکی خۆش و چێژ بەخشیان دەداتێ توێژینەوەکان شانبەشانی زانا دەروونناسەکانی بواری پەروەردەو

فێرکردن گرنگی زۆر دەدەن بە هەستەکان لە فێربووندا زانا (Maher Martin 2001 )پێشنیاری کرد کەپێویستە ڕۆڵی هەستەکان لە پاڵنەردا بدۆزینەوە . توێژینەوەکان گرنگی بە ڕەخساندنی دۆخێك کە قوتابی هەست بە خۆشحاڵی و شانازی و حەزکردن بە فێربوون بکات لە پۆلەکەی لەڕووی دەروونییەوە دەدەن چونکە دواتر دەبێتە هۆی گەشەکردنی سەرنجیان و زیادبوونی دەستکەوتی خوێندن و پاڵنەریان ( Pekrun , Schutz ; 2007 p 4_5) .

توێژەر پێی وایە، ئەم ستراتیژیەتەیش بەوەی زۆربەی هەستەوەرەکان بەشدارن تێیدا و دۆخێکی چێش بەخش دەڕەخسێنێت ، سەرەڕای قوتابی لەگەڵ هاوگروپەکانی چالاکە و پیکەوە فێردەبن گرنگە لە جێبەجێکردنی ، چونکە یارمەتی قوتابی دەدات کەزانیارییەکان باشتر بچەسپێت لە یادەوەری درێژ خایەنیدا و سەرەڕای یارمەتیدانی لە گەشەکردنی بیرکردنەوەو پرۆسە فیکرییەکانیدا چونکە قوتابی خۆی تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوونە .

**لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی لەسەرەوە خرانەڕوو، دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو :-**

1. سود گەیاندن بە مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان لەڕووی چۆنیەتی پراکتیزەکردنی هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بەم ستراتیژییە.
2. تاقیکردنەوەی هەر ستراتیژێکی وانەوتنەوە لەپرۆسەی فێرکردن و فیربوندا کە خوێندکاران ببنە تەوەرەی سەرەکی و ئارەزویان بۆ خوێندن زیاد بکات گرنگی تایبەتی هەیە لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا.
3. سوود گەیاندن بەلایەنە پەیوەندیدارەکان بەتایبەتی لەوەزارەتی پەروەردە لەمیانەی ئەو ئەنجام و ڕاسپاردانەی ئەم توێژینەوەیە دەیان خاتەڕوو.
4. سوود گەیاندن بە پەرتوکخانە کوردییەکان بەوەی ئەم توێژینەوە بەزمانی کوردی نوسراوە .

### 3-1 ئامانجی توێژینەوە (هدف البحث) Aim of The research :

1. زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی کارتە کراوەکان لەسەر دەستهاتی خوێندنی قوتابیانی قۆناغی حەوتەمی بنەڕەتی لەبابەتی کۆمەڵایەتیدا بەبەراورد بەڕێگای ئاسای .

### 4-1 گریمانەی توێژینەوە( فرضية البحث) : Hypotheses of the Research

- نەبوونی جیاوازی مانداری ئاماری لەئاستی( 0,05 ) لەدەستهاتی خوێندنی قوتابیان لە ناوەندی ژمێرەیی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونی ئەوانەی کە بە ستراتیژیەتی کارتەکراوەکان وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ئەوانەی کە بەڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن.

### 5-1 سنوری توێژینەوە حدود البحث : Limitance of The Research

1 سنوری مرۆیی : قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ، لەقوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەربەپەروەردەی قەزای پێنجوێن کەبەرۆژ دەوام دەکەن .

2- سنوری کات : وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی ( 2021 - 2022 ) .

3- سنوری بابەت : بەندی ( یەکەم و دووەم وسێیەم و چوارەم ) مێژوو/ بابەتەکۆمەڵایەتیەکان.

4- سنوری شوێن : قوتابخانەی جەلال محمودی بنەڕەتی لە ناوەندی قەزای پێنجوێن .

6-1 پێناسەی زاراوەکان (تحديد المصطلحات) Determine of Terms :

❖ کارایی (فعالية) Effectiveness

_ ( عزیز،2019) واتە زانینی ڕادەی کاریگەریی ستراتیژەکانی فێرکاری لەسەر ئەنجامەکانی خوێندکاران لەتاقیکردنەوەکانی بەکارهاتوو) (عزیز،2019، 13 ).

- (الجبوری،2007) ئەو کاریگەرییە کە وانەوتنەوە درووستی دەکات لەسەر خوێندکاران لەدەرئەنجامەکانی خوێندنیان .(الجبوری،2007، 14).

_ پێناسەی ڕێکاری توێژەر : زانینی ئاستی کاریگەری ستراتیژییەتی کارتەکراوەکانە لەوانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان _ مێژوو لەپۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بەمەبەستی دەرخستنی ڕادەی سەرکەوتووی ئەو ستراتیژیەتەیە لە سەر گەشەکردنی دەستهاتی خوێندنی قوتابیان .

بابەتە کۆمەڵایەتیەکان (المواد الاجتماعية) social subjects:

_ ( الشربيني : 2005 ) بریتیە لە کۆمەڵێك بابەت فراوانی و هەمەجۆری بابەتی خوێندن لەخۆدەگرێت وەك جوگرافیا ، مێژوو ..هتد لێکۆڵینەوە لەدیاردە سروشتی و مرۆییەکان دەکات و دەرفەت بۆ خوێندکاران دەڕەخسێنێت لە بوارە فراوانەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.( الشربيني : 2005: ص 164_165 ).

_ ( اللطيف : 2013 ) مەبەست لێی تێگەیشتنە لەبابەتەکانی پەیوەست بە ژیان و کۆمەڵگە لە کۆیەکی یەکگرتوو لەزانیاری و ناوەڕۆکیدا و وابەستەیی لەنیوانیاندا دەناسرێت وەك بابەتەکانی مێژوو ، جوگرافیا ، ئابوری ، دەروونناسی ، کۆمەڵناسی ، ...هتد ، کە کاردەکەن بۆ پێگەیاندنی مرۆڤێکی بەسوود . ( اللطيف : 2013 ص 38 ) .

پێناسەی ڕێکاری توێژەر :. بریتین لەو بابەتانەی لەچوارچێوەی پرۆگرامێکدا ڕێکخراون بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی کەتێیدا هەریەکە لەبابەتەکانی جوگرافیاو مێژوو هاونیشتمانی لەخۆ دەگرێت .

ستراتیژییەتی کارتە کراوەکان(استراتيجية البطاقات المروحية) :Chopper cards strategy

- (الشمری، 2011) یەکێکە لەستراتیجیەکانی فێربوونی چالاك لەسەر بنەمای ئاستی تێگەیشتنی قوتابی دادەنرێت بۆ خوێندن لەبەر ڕۆشنای دانانی کۆمەڵێك پرسیار لەو کارتانەی کەپێشکەش دەکرێت (الشمری، 2011، ص83) .
- ( امبو سعیدی ، الحوسینیه ، 2015 ) یەکێکە لەستراتیجیەکانی فێربوونی چالاك ئامانجی بەدیهێنانی بەرزکردنەوەی گیانی هاوکاری قوتابیان و سەرنجراکێشیانە بۆ فێربوون ( امبو سعیدی ، 2015، ص466) .
- پێناسەی ڕێکاری توێژەر : "یەکێکە لە ستراتیژە چالاکەکانی بواری فێرکاری ، کە پێکهاتوە لە کۆمەڵێك کارتی ڕەنگاو ڕەنگ کە تێیدا پرسیاری ئاستی جیاواز لەسەر تۆماردەکرێت بەشێوەی گروپ کاردەکات لەوانەوتنەوەدا ، بەپێی ئاست و تەمەنی قوتابی مامەڵە دەکات و قوتابی دەکاتە تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوون ، ".

❖ دەستهاتی خوێندن (التحصيل الدراسي) achievement :Academic

( نصرللە : 2010 ) "بریتیە لەو ئاستەی کە قوتابی بەدەستی دەهێنێت لەو بابەتەی کە لەماوەیەکی دیاریکراودا خوێندویەتی بەتاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکان لەلایەن مامۆستایی بابەتەوە دەپێورێت و هەڵدەسەنگێنرێت بریاری لەسەر دەدریت"( نصرالله : 2010 ص401 ) .

- ( فلیه ، الزکی : 2004 ) "هەوڵێکی زانستییە کە قوتابی لەرێگەی کۆششەکانی خوێندن و ڕاهێنانەکان بەدەستی دەهێنێت، بەم شیوەیە دەگاتە ئەو ڕادەیەی قوتابی سوودی لەوانەکان و ڕێنماییە پەروەردەی و ڕاهێنانەکان وەردەگرێت کە پێش وەخت پێی دراوە و بۆی دیاری کراوە" ( فلیه ، الزکی : 2004 ، ل 73- 74 ) .

پێناسەی ڕێکاری توێژەر : " پێوانەکردنی توانای قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکەیە لە چەندێتی گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو بابەتانەی کە لە ماوەی ئەزموونـدا دەیخوێنێت بەو نمرەیەش دەپێورێت کەلەتاقیکردنەوەدا بەدەستی دەهێنێت ".

## 2 بەشی دووەم / چوارچێوەی تیۆری

### 2-1 فێرکردنی هەرەوەزی سەرەتایەك بۆ فێرکردنی کارا :-

بایەخدان بەخوێندنی هەماهەنگی لەکۆتاییەکانی 1960 دەستی پێکرد توێژینەوەکان دەرکەوتن بۆ هاندان و کارلێککردنی پەروەردەیی و گفتوگۆی قوتابییان ، گرنگترینییان هەوڵ و دراسەکانی سبنسر-کاجانی دەروونناسی ئەمەریکی بوو لە ساڵی 1968 ، بەتایبەت لەساڵانی 1980 کاندا بەدواوە ئەوەیش بەوتاقیکردنەوانەی کەکردوویەتی لە قوتابخانە پەروەردەییەکەیدا لە زانکۆی کالیفۆرنیا ، و گەیشتن بەو ئەنجامەی کە ئەو خوێندکارانەی بە شێوازی هاوکاری هەماهەنگی کاریان کردووە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییان و لایەننە فێرکارییە پەروەردەییەکەیان گەشەی کردووە. لە ئێستا کاجان ( 250 ) پێکهاتەی فێرکردنی هەیە بۆ کاری جۆراو جۆر دیزاینکراوون وەك پەرپێدان بەشارەزای کۆمەڵایەتی و، بیرکردنەوەو پاڵنەرە فێرکارییەکان ( Almatrafi p 11 -12 ) : 2016:

بەناوبانگبوونی کاجان لە فێرکردنی هاوبەشدا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1980 هەرچەندە لەسەرەتاوە تووشی گرفت بووەوە بەهۆی نەبوونی هاوکاریکردنی، بەڵام لە ساڵی 1985 پشتگیرییەکی زۆری لێکراو چەندین قوتابخانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشبرکێیان بۆ ستراتیژیەت و پێکهاتە گرنگەکانی ئەم زانا دەروونناسە کردو و سەرکەوتنی گرنگی بەدەستهێنا، بەهۆی ئەو سادەییەی لە جێبەجێکردنی پێکهاتەو ستراتیژییەکانیدا هەبوو و، مامەڵەکردنی لەگەڵ هەموو ئاستەکانی خوێندن و ئەو جۆش و خرۆشەی لە کاتی وانەکاندا دەیبەخشێت بە خوێندکاران، سەرەڕای ئەو ئەنجامە گرنگانەی کەهەیەتی لە زیادکردن و گەشەپێدانی پاڵنەرو بەهاکۆمەڵایەتیی و پەروەردییەکان، لە فێرکردنی خۆبەڕێوەبەریدا. لەگرنگترین ستراتیژییەکانی بریتین لە ( کارتەکراوەکان ، نووکە ژمارەییەکان، چەندین ستراتیژی تر .

### 2-1-1مەبەستەکانی کاجان لە فێرکردنی هەرەوەزی لەسەر ئەم بنەمایانە دامەزراوە ئەوانیش بریتین لە :-

- سەرکەوتنی گشتی قوتابیان نەك سەرکەوتنی یەك قوتابی .
- ناچارکردنی قوتابی بەبەشداریکردن لە پۆل و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی.
- دابەشکردنی ئەرك و ڕۆڵەکان بەسەر خوێندکاراندا بەشێوەی دادپەروەرانە .
- پشتیوانیکردنی قوتابیان بۆ یەکتر. ( حسن : 2018 ، ص 47- 49 ) .
- هاندانی پەیوەندیە ئەرێنیەکانی قوتابیان لە پۆلدا.
- پێشکەوتنی ئەکادیمی بەرزتر بۆ هەموو قوتابیانی پۆلەکە. ( العوضی : 2019 . ص 16 ) .

**2-1-2 ستراتیژی كارتەكراوەكان :**

ستراتیژییەتی فێربوونی هاوبەشە لەفێركردنی چالاكدا كە بابەتی خوێندن لەشێوەی چەند كارتێكی ڕەنگاو ڕەنگدا ئامادەدەكرێت بەپێی پێویستی قوتابیان و بابەتی خوێندن بۆ چوار قوتابی بۆ هەرگروپێك دەرفەتی بەشداریكردن بەهەموو قەوتابیان دەدات بەپێی ئاستیان و تەمەنییان كارلێكی ئەرێنی لەنێوانیاندا دروست دەكات و چالاكییان دەكات لە بەشداریكردنی پۆلدا ( اقدیخ : 2017 ، ص 43-44 ) .

ئەم شێوازە سەرنج ڕاكێشە لەپۆلدا قوتابیان بەشداری پۆل دەكات و، ئامانجی تێگەیاندنی قوتابی لە بابەتی دیاریكراو بەرزكردنەوەی گیانی هاوكاری و پەرەپێدانی شارەزاییە كۆمەڵایەتییەكانە (Ameliea : 2017 , p15 )

ئەم ستراتیژییەتە بەوە ناسراوە كە بۆ زۆرێك لە بابەتەكانی خوێندن بەكاردەهێنرێت، بەپێی قۆناغەكانی خوێندن ئاستەكانی پرسیار لەم ستراتیژییە دەگۆڕیت، ئەم شێوازە لەوانەوتنەوە گرنگە بۆ زیادكردنی پاڵنەری فێربوون و جۆرێك لەچێژ وەرگرتنی بۆ قوتابیان تێدایە بەپێی ئەو ڕۆڵەی پێی دەسپێردرێت .

**2-1-2-1هەنگاوەكانی جێبەجێكردنی ستراتیژیەتی كارتەكراوەكان ( پەیوەست بەمامۆستاوە) :-**

لەپلانی وانەوتنەوەدا مامۆستا بابەتی خوێندن ئامادە دەكات بەشێوەی پرسیارو وەڵامی جۆراو جۆر لەسەر كارتی ڕەنگاو ڕەنگ، بەشێوەیەك پرسیارەكان لەسەر كارتەڕەنگاو ڕەنگەكان دەنوسرێت، هەر پرسیارێك لەسەر چ ڕەنگێك نووسرا ئەوا وەڵامەكەشی لەسەر هەمان ڕەنگ دەنوسرێت، پرسیارەكان پێویستە لەسەر بنەمای ئاستی جۆراوجۆر دابنرێن و زیاتر ئەو پرسیارانەبن كە پێویستیان بە وەڵامی كورت هەیە.

پەیوەست بە مامۆستا ئەم ڕێكارییانە دەگرێتەبەر :-

- بیرۆكەی جێبەجێكردنی ستراتیژیەكە بۆ قوتابیان ڕووندەكرێتەوە .
- مامۆستا پۆل دابەش دەكات بۆ چەند گروپێك، دەبێت هەر گروپیك لەچوار قوتابی زیاتر نەبێت .
- مامۆستا ناو بۆ هەر گروپێك دادەنێت .
- مامۆستا دەست دەكات بەوانەكە ئەویش لەڕێگەی دیاریكردنی گروپێك بۆ ڕاكێشانی پرسیارەكان .
- مامۆستا لەسەر وایت بۆردەكە ناوی گروپەكانی نوسیووە، بۆئەوەی هەر گروپێك چەند پرسیاری زانیوە بۆیان تۆماربكات.
- مامۆستا بۆخۆی چاودێری ڕەوشی وەڵامدانەوەكان دەكات( عزیز : 2021 ل60- 61 ) .

**2-1-2-2 هەنگاوەكانی جێبەجێكردنی ستراتیژیەتی كارتەكراوەكان (پەیوەست بە قوتابییەوە) :-**

- قوتابی یەكەم / كارتەكانی پرسیارەكان ڕوو لەخۆی دەكات و ڕووەكەی تر دەكاتە هاوڕێ قوتابیەكەی كە بەرامبەری دانیشتوە، پاشان داوا لە قوتابی دووەم دەكات كارتێك هەڵبژێرێت.
- قوتابی دووەم/ كارتێك هەڵدەبژێرێ و دەیخوێنێتەوە بۆ قوتابی سێیەم بەدەنگی بەرز.
- قوتابی چوارەم / ئاگادار دەكرێتەوە لە ژمارەی پرسیارەكە لە بەرئەوەی وەڵامەكە لای ئەوە .
- قوتابی سێیەم/ وەڵامی پرسیارەكە دەداتەوە، داوای ڕونكردنەوە لە قوتابی چوارەم دەكات ئەگەر پێویست بوو.( ابوالحاج ، المصالحە : 2016 ، ص 157 ) .
- قوتابی چوارەم / هەڵسەنگاندن بۆ وەڵامی قوتابی سێیەم دەكات كە ئایا وەڵامەكەی ڕاستە یان هەڵەیە و هەروەها بیرۆكە نوێیەكان زیاد دەكات، ئەركەكان ئاڵوگۆڕی پێدەكرێت تاوەكو هەموو كارتەكان تەواو دەبن( الشمری : 2011 ، ص 83 ) .

**2-1-2- 3 سوودەكانی ستراتیژییەتی كارتەكراوەكان :**

خوێندنی كلاسیكی زیاتر پێشنیاری ئەوەیان دەكرد كە كۆمەڵێك ووشەیان پیشانی قوتابی دەداو دوای ماوەیەك تاقی دەكرانەوە تاوەكو بزانن لەیادەوەریاندا ماوە یان نا ، ڤیگۆتسكی لەسەردەمێكی زوودا گۆڕانكاری لەم میتۆدەدا كردبەبەكارهێنانی كۆمەڵیك كارت هێماو وێنە ... هتد ، بۆ ئەوەی هاوكاری قوتابی بكات تاوەكو ووشەكانیان بیربكەوێتەوە ستراتیژیەتی كارتەكراوەكان دەچێتە چوارچێوەی فێربوونی هەرەوەزی و فێربوونی چالاك ئەم پرەنسیپانەی ( ڤیگۆتسكی بەسەردا جێبەجێ دەبێت ئەوانیش بریتین لە قوتابیان وانە بەیەكتر دەڵێنەوە ، هاوكاری یەكتر دەكەن ، بەهۆی قوتابیانی بەتواناترەوە گەشەدەكەن ، بەهۆی كاركردن بەگروپەوە لایەنی كۆمەڵایەتیان گەشەدەكەن ، قوتابی بەرلەوەی بۆ هەموو شتێ پرسیار بكات دەبێ خۆشی كەمێك بیربكاتەوە سەرەڕای بەكارهێنانی كارت و هێماكان بۆ سورنج ڕاكێشانی قوتابیان بەمەش ئەركەكانی مامۆستا كەمتر دەكات . ( سەعید : 2020 : ل 260_ 261 ) .

**لە گرنگترین سوودەكانی ئەم ستراتیژییەتە لەم خاڵانەی خوارەوەدا كورت دەكەینەوە ئەوانیش بریتین لە :**

- دەرفەتی بەشداریكردن بە هەموو قوتابیان دەدات و قوتابی تەوەری پرۆسەی فێربوونە .

- پاڵنەری فێربوون زیادەكات بەوەی قوتابیان پشتگیری یەكتردەكەن بۆ گەیشتن بە ئەنجام و سەركەوتنی گروپەكەیان (Ameliea : 2017 , p 17)

- یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ بەكارهێنانی كارامەیی مەعریفی و دەروونی .

- هەستی بەرپرسیارێتی لەقوتابیدا زیاد دەکات و وای لێدەکات زیاتر هەوڵبدات .
- تێکەڵکردنی قوتابیانی ئاست بەرزوو ئاست نزم لەگروپەکاندا، ئەمەش گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیان .
- پێشبرکێ بۆ باڵادەستی لە نێوان گروپەکانی پۆلدا زیاد دەکات .
- هانی فێربوونی هاوبەش لەنێوان قوتابیاندا پەرەپێدەدات .
- بڕوابەخۆبونی قوتابی گەشەپێدەدات و یارمەتی بیرکردنەوەدات . ( Akedi : 2020 : p 7 )
- تێگەیشتنی قوتابیان بۆ بابەتەکانی خوێندن زیاد دەکات چونکە خۆی بەشدارە لە خوێندنەوەو شیکردنەوەوی .
-بۆناساندنی بابەتی نوێ و پێداچونەوەی ئەو بابەتانەی کە لەلایەن مامۆستاوە وتراوەتەوە . ( Kristian ; 2012 .p 25 ).

**2-1-2-4 ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژییەتی کارتەکراوەکان:**

- ئاسانکردن و ئاراستەکردن بۆ پرۆسەی فێربوون .
- ڕێنوینیکردنی قوتابییان بۆ کاری هەرەوەزی ( Team work) .
- ڕێکخستنی چالاکییەکانی پۆل .
- ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و هاندان و پاداشتەکان .

2-1-2- 5 ڕۆڵی قوتابی لەستراتیژییەتی کارتەکراوەکان :

- بەدواداگەڕانی زانیاری بۆ وەڵامدانەوەیەکی درووست.
- لەڕێگەی بیرکردنەوەو شیکردنەوەوە ئەنجام بەرهەمدەهێنێت .
- بەرپرسیارێتی دەگرێتە ئەستۆ لەگروپی کارکردندا بۆ زانین و بیرکردنەوە .
- تێروانینی جیاواز قبوڵ دەکات لە گەڵ قوتابیانی هاوڕێی لە گروپەکەیدا( جليل :2020 ، ص 7- 8 ) .

**2-1-2- 6 ئامانجەکانی ستراتیژییەتی کارتەکراوەکان :**

ستراتیژیەتی کارتەکراوەکان چەندین ئامانجی گرنگی لەبواری پەروەردەو فێرکردندا هەیە، گرنگترینیان بریتین لە

- بەرزکردنەوەی گیانی هاوکاری نێوان قوتابیان و کارکردنی بەشێوەی هەرەوەزی .
- دەربازبوون لە کەشە ڕۆتینەکانی وانەوتنەوە ( امبوسعيدی ، الحوسينيه : 2015 ، ص 466 ) .

توێژەر بەو ئەزموونەی لەم ستراتیژییەوە پێی گەیشتووە، بۆی دەرکەوت کە ئەم ستراتیژییە چەندین ئامانجی گرنگ لەپشتیەوەیە، ئەوانیش بریتین لە قوتابی خۆی ڕۆڵی کاراببینێت لە پرۆسەی فێربوونیدا و تەوەری سەرەکی پرۆسەکەبێت، سەرەڕای ئەوە ئامانجی بەرزکردنەوەی پاڵنەری قوتابییە بۆ فێربوون، هەروەها ئامانجی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانە لەلایەنی مەعریفی و کارامەیی و ویژدانییە.

**3-1-2 دەستهاتی خوێندن (التحصيل الدراسی) : Academic achievement**

**2-1-3-1 چەمکی دەستهاتی پەروەردەیی :**

دەستهاتی ئەکادیمی ئەوە نیشاندەدات کە قوتابی دەتوانێت لەبابەتێکی دیاریکراو یان کۆمەڵە بابەتێك ئەوەی فێری بووە لەیادگەیدا بمێنێتەوە و لێیتێبگات وبەکارییهێنێت، دیارەئەم پرۆسەیەش پێویستی بەڕاهێنان و ئامادەکاری هەیە، ئەگەر ئەمە بەمانای گرنگیدان بێت بەو ئاستەی کە قوتابی پێی دەگات، بەوەی کە لەبەر ئەنجامی پرۆسەی فێرکردن فێربووە، کەواتە دەستهات بریتیە لە هەموو ئەو کارامەییە جەستەیی و دەروونی و مەعریفیانەیی کە قوتابی دەتوانێت لەڕێگەی ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانەوە بەدەستی بهێنێت و بتوانێت دووبارەی بکاتەوە لە هەڵوێستە جۆراو جۆرەکاندا( غنيم : 2004 . ی 127 )، یاخود بەگوزارشتێکی دیکە ئاستی ئەو سەرکەوتنەیە کە فێرکار بەدەستی دەهێنێت لەبوارێکی گشتی یان بابەتێکی دیاریکراو لەڕێگەی تاقیکردنەوەکانەوە.

توێژینەوە پەروەردەیی و دەرونییەکان دووپاتی دەکەنەوە کە کۆمەڵێك فاکتەر کارلەسەر ئاستی دەستکەوتی قوتابی دەکات لەوانە :

- ✓ زیرەکی : ئاستی زیرەکی جیاوازە لەنێوان قوتابیاندا بۆیە کاردەکاتە سەر دەستەکەوت.
- ✓ جیاوازی توانای ئەدای مامۆستا لەڕووی پەروەردەیی و دەرونی و زانستی و جەستەییەوە .
- ✓ ئاستی حەزوئارەزوی فێرخواز دیسانەوە کارلەسەر ئاست و چۆنیەتی دەستکەوتەکان.
- ✓ ژینگەی قوتابخانەوەو دایك و باوکان و هەڵوێستیان بەرامبەر بە مندال کاردەکاتە سەر ئاستی دەستکەوتەکان( زاير، داخل : 2015 ، ص 149-150 ).

**2-1-3-2 پێوانەکردنی دەستهاتی پەروەردەیی ( تاقیکردنەوەی دەستهات ) :**

تێگەیشتن لەو شێوازە جیاوازانەی کەلەسەردەمی نوێدا بەکاردەهێنرێت لەبواری خوێندن یان پێوانەکردنی ئەکادیمیدا دەبێت لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی نوێ بێت بۆ ئەو پێشکەوتنە مێژوییانەی کەتاقیکردنەوەکان بەخۆیانەوە بینیووە، تاقیکردنەوەکان تاوەکو کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە زیاتر پشتیان بە تاقیکردنەوە زارەکییەکان بەستووە تاوەکو ئەو کاتەی( هوراس مان ) کەسەرکردەیەکی دیاری پەروەردەی بوو لە ویلایەتی بۆستنی ئەمەریکا و سەرکردایەتی گەشەپێدانی پەروەردەی گشتی دەکرد و جەختی کردەوە لەسەر تاقیکردنەوە بابەتییەکان دواتر یەکەمین تاقیکردنەوەی بابەتی لە ساڵی ( 1895 ) لەویلاییەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جێبەجێکرا

- بۆ قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە .

وەك سەرچاوەی زانستی سوودیان لێوەرگیراوە بەتایبەت لەلایەنی تیۆری توێژینەوەکە .

## 3 بەشی سێیەم / ڕێکارییەکانی توێژینەوە(إجراءات البحث) Search Procedures

### 1-3 دیزاینی ئەزموونی ( التصميم التجريبي) :Procedures of the research

بریتیە لە نەخشەسازی توێژینەوەکە بۆ وەرگرتنی وەڵامی توێژینەوەکە، هێڵکاری هەموو ئەو ئامانجانەیە کەتوێژەر دەیەوێت بەدیبهێنێت و کێشەکانی توێژینەوەکەی چارەسەربکات و کۆنترۆڵیان بکات( النعيمي واخرون : 2015 : ص 215-216 ) .

توێژەر پشتی بەو دیزاینە بەست کەپێی دەوترێت دیزاینی نیمچە ئەزموونی گروپی هاوسەنگ کە لەدووگروپ پێکدێت یەکێکیان گروپی ئەزمونگەری بە بەکارهێنانی گۆڕاوی سەربەخۆ بەسەر گۆڕاوی پاشکۆ، دووەمیان پێی دەوترێت گروپی کۆنترۆڵکراو بە بەکارهێنانی ڕێگەی ئاسایی ( الضامن : 2007 : ص 147- 148 )

بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەزموونیەکە توێژەر تاقیکردنەوەی پاشی بۆ گۆڕاوی دەستهاتی خوێندن بۆ زانینی ڕادەی کارایی گۆڕاوی سەربەخۆ بەسەر گۆڕاوی پاشکۆ و کارایی ئەم گۆڕاوە بەسەر گرووپی ئەزموونی بە بەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو .

### 2-3 کۆمەڵگەی توێژینەوە (مجتمع البحث) Research community

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە هەموو لایەنەکانی ئەو دیاردەیەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدریت( حافظ : 2012 ، ص 58 ) . کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە قەزای پێنجوێن بۆ ساڵی خوێندنی ( 2021 - 2022 ) کە پێکهاتووە لە ( 46 ) قوتابخانە و ژمارەی قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بریتییە لە ( 897 ) قوتابی .

### 3-3 نموونەی توێژینەوە (عينةالبحث) The major Sample off the research

نموونەی توێژینەوە ئاماژە بە مۆدێلێك دەكات لە هەڵبژاردنی بەشێك لە كۆمەڵگەی توێژینەوە كە سیفەتی هاوبەشی تێدایە و، ئەم كارەش بەپێی میتۆدە زانستییەكان دیاریدەكرێت تاوەكو وێنای كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بكات( نوفل ، عواد : 2009 ، ص231-232 ).

توێژەر لەهەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەیدا پشتی بە شێوازی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی سادە بەست، کە بریتییە لە هەڵبژاردنی نموونەیەك بەشیوەیەکی هەڕەمەکی لەکۆمەڵگەی توێژینەوە چەند شێوازێك لەخۆدەگرێت بەپشت بەست بە خشتەکانی ئاماری کتێبەکانی ( فیشەرو ، ویتس و کینداڵ ) ، یەکێك لەشێوازەکان شێوازی هەڕەمەکی سادەیە لەڕێگەی ڕاکێشانی تیروپشکەوە کەدەرفەتی یەکسان دەدات بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەکە ببنە نموونەی توێژینەوەکە( العزاوي : 2008 ، ص 168 ). بەوشێوەیە قوتابخانەی ( جەلال مەحموودی بنەڕەتی ) بوو بە نمونەی توێژینەوە، هەروەها دیسان نموونەی دیاریکردنی پۆلەکانی حەوتەم لە قوتابخانەکە بەشێوەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردرا لەنێوان (3) پۆلی خوێندنی حەوتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی ( جەلال مەحموودی کوڕان ) بەشێوەیەك پۆلەکانی ( ب ، ج ) هەڵبژێردرا بە نموونەی توێژینەوەکە کەژمارەیان ( 51 ) قوتابی بوو.

بۆ دیاریکردنی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەسەر هەردوو پۆلی نموونەی توێژینەوە توێژەر جارێکی تر شێوازی هەڕەمەکی سادەی بەکارهێنا لەئەنجامدا هۆبەی ( ب ) بوو بە گروپی ئەزموونی و هۆبەی ( ج ) بوو بە گروپی کۆنترۆڵکراو، پاش دوورخستنەوەی قوتابیانی دەرنەچوو لەساڵی پێشوو کەژمارەیان ( 7 ) قوتابی بوو، نموونەی توێژینەوەکە بوون بە (44) قوتابی، لەکۆتاییدا گروپی ئەزموونی بوو بە (22) قوتابی و گروپی کۆنترۆڵکراو بوو بە( 22 ) قوتابی، هەروەك لە خشتەی ژمارە ( 3-2) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (3-2) گروپ و هۆبە و ژمارەی قوتابیانی نموونەی لێکۆڵینەوە :

| هۆبەی خوێندن | کۆمەڵەی توێژینەوە | ژمارەی قوتابیان | ژمارەی قوتابیانی دورخراوە ( کەوتوو ) | ژمارەی کۆتایی قوتابیان |
|---|---|---|---|---|
| ب | ئەزموونگەری | 26 | 4 | 22 |
| ج | کۆنترۆڵکار | 25 | 3 | 22 |
| کۆ | 51 | 7 | 44 | |

هۆکاری دوورخستنەوەی قوتابیانی کەوتوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شارەزاییەی کەپیشتر وەریان گرتووە لە بابەتەکە، چونکە کاردەکاتە سەر ووردی و دروستی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە .

### 4-3 ڕێکارەکانی هاوتاکردنی توێژینەوە ( اجراءات التكافؤ للبحث) Research Croups Eauation

هاوتاکردنی نێوان گروپ و کۆمەڵەکانی توێژینەوە ، یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی ئەزموونی، بەپێی توێژینەوە ئەزموونیەکان گۆڕاوەکان کاریگەریان لەسەر ئەزموون هەیە، ئەم کاریگەریەش بەپێی جیاوازی توێژینەوە ئەزموونیەکان دەگۆڕدرێت، بۆیە پێویستە توێژەر لەهەڵبژاردنی گروپی توێژینەوەکەی ڕەچاوی هاوسەنگی ئەو گۆڕاوانە بکات و دوو گروپی هاوسەنگ لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی هەڵبژێرێت، هیچ جیاوازییەکی ئاماری لەنێوانیاندا نەبێت لە گۆڕاوەکاندا بۆ گەیشتن بە ئەنجامی درووست لەکاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ بەسەر گۆڕاوی پاشکۆدا( جابر

، کاظم : 1973 ص 197-198 )بڕوانە خشتەکانی (3-3)،(3-4)،(3-5)،(3-6)،(3-7).

خشـتەی( 3-3 ) تـوێژەر هاوسـەنگی لـەنێوان هـەردوو گـروپی توێژینەوەکە لەم گۆڕاوانەدا ئەنجامدا :

| گۆڕاوەکان | کۆمەڵەکان | ژمارەی تاکەکان نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد | نرخی تایی ( ت ) هەژمارکراو | خشتەیی | ئاستی دەلالەت ( 0،05 ) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەنی قوتابیان بە مانگ | ئەزموونی | 22 | 158,0455 | 12,22596 | 42 | 0,331 | 2,021 | |
| | کۆنترۆلکار | 22 | 159,1364 | 9,42285 | | | | |
| نمرەیبابەتی کۆمەڵایەتی سالی پیشوو | ئەزموونی | 22 | 57,05 | 9,648 | 42 | 0,627 | 2,021 | |
| | کۆنترۆلکار | 22 | 55,45 | 6,974 | | | | |
| زانیاری پێشووطەبابەتی مێژوو | ئەزموونی | 22 | 10,50 | 1,845 | 42 | 0,517 | 2,021 | |
| | کۆنترۆلکار | 22 | 10,18 | 2,218 | | | | |
| بەدەستهێنانی زیرەکی : | ئەزموونی | 22 | 34,09 | 6,187 | 42 | 0,629 | 2,021 | |
| | کۆنترلکار | 22 | 32,91 | 6,271 | | | | |
| تاقیکردنەوەی پێشینەی پاڵنەری فێربوون | ئەزموونی | 22 | 76,32 | 9,494 | 42 | 0,743 | 2,021 | |
| | کۆنترۆلکار | 22 | 74,05 | 10,764 | | | | |

له خشـتەی( 3-3 ) بەمەبەسـتی هاوسـەنگی لـەنێوان هـەردوو گروپی توێژینەوەکە ئەنجامدرا، ئەنجامەکان دەریانخست نرخی تائی هەرپێنج گۆڕاوەکە کەمترە لەنرخی تائی خشتەیی (2,021 ) لەئاسـتی ئامـاژەیی (0,05 ) بـە پلـەی ئـازادی ( 42 )، ئەمەش مانای وایە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە نیوان ناوەندی نمرەکان هەردوو گروپ واتە هاوتان .

خشتەی (3-4)ئاستی خوێندەواری و دایکان و باوکانی قوتابیان

| ژ | گۆڕاوەکان | نرخی کای دووجا هەژمارکراو | خشتەیی | ئاستی دەلالەت ( 0,05) |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاستی خوێندەواری دایکانی قوتابیان | 0,948 | 2,776 | |
| 2 | ئاستی خوێندەواری باوکانی قوتابیان | 0,838 | 3,182 | |

خشـتەی (3-4) ئاسـتی خوێنـدەواری دایـك و باوك دەنوێنێت، نـرخی ( کـای ) بـۆ هـەردوو گـروپ لەئاسـتی ئـەکادیمی دایـك (0,948) بچـوکترە لـە نـرخی خشـتەی (2,776) ، لەئاسـتی بەڵگەداری (0,05 ) پلـەی ئـازادی ( 4 )، وە نـرخی (کای ) بـۆ ئاستی ئەکادیمی باوکان گروپەکان بریتیە لە (0,838) کەمترە لە نرخی خشتەی (3,182) لەئاستی بەڵگەداری ( 0,05 ) بەپلەی ئازادی ( 3 )واتە هەردوو گروپ لەم گۆڕاوەدا هاوتان .

## 4-3 ئامرازەکانی توێژینەوە ( أدوات البحث) Tools of research :

له توێژینـەوەی زانسـتیدا چەند ئامرازێك بـۆ کۆکردنـەوەی داتاو زانیاری هەیە، هیچ ئامرازێك نییە بۆ هەموو توێژینەوەکان ببێت، بۆ هـەر توێژینەوەیەك ئامرازێکی گونجاوی هەیە مەرج نییە بۆ هەموو توێژەرێك دەست بدات، ئامرازی کۆکردنـەوەی داتـاو زانیاریيـەکان لەتوێژینەوەیەکـەوە بـۆ توێژینەوەیـەکی تردەگۆڕیت و بەندە بەئامانج و سروشتی توێژینەوەکە و جۆری سامپڵەکە( بۆکانی : 2016 ، ل 148 ) .

**1-4-3 تاقیکردنـەوەی دەسـتهاتی خوێنـدن** مەبەسـت لەتاقیکردنـەوەی دەسـتهات بریتییـە لـە کۆمـەڵێك پرسـیار و ڕەفتـار لـەناوەرۆکی بڕیارلێـدراوی خوێنـدن، بەمەبەسـتی زانیـنی چەندێتی جێبەجێبوونی ئامانجە ڕەفتارییەکان( مجید : 2006 ، ص 29-30 ) .

توێژەر تاقیکردنەوەی خوێندنی بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئامادەکرد :-

### 2-4-3 دەستنیشانکردنی بابەتی خوێندن

لەبـەشی مێژووی پـەرتوکی بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکانی پـۆلی حەوتـەمی بنـەڕەتی (9) بابـەت دیاریکران بۆ خوێنـدن لـەماوەی جێبـەجێکردنی ئەزموونییەکـە بـۆ قوتابیـانی هـەردوو گـروپی توێژینەوە .

### 3-4-3 هەڵهێنجان و دارشتنی ئامانجەکان

مەبەسـت لەئامانجـە ڕەفتارییەکان لەبواری پەروەردەدا بریتیـە لـە و گۆڕانـە پێشـبینیکراوەی کـە لەتاکـدا دەویسـترێت بەدیبهێنرێـت لـە بابـەت و کـاتێکی دیـاریکراودا بـەپێی ئاسـتی پێگەیشتنی قوتابییان( الکوافحه : 2003 ، ص 126-127 ) .

بەپێی ناوەرۆکی هەربابەتێکی خوێندن و بەگوێرەی چوار ئاسـتی پـۆلێنکردنی ( بلـۆم ) لـەبواری مەعریفیـدا، تـوێژەر ئامـانجی ڕەفتـاری دارشـتوە کـەسـەرجەمیان بـریتی بـوون لە ( 118 ) ئامـانج، بـۆ مەبەسـتی دڵنیابوون لـە گونجـاوی هـەڵهێنجان و دارشـــتنی ئامانجـــەکان و دروســـتی پۆلێنکردنیـــان بەســـەر ئاســـتەکان، تـوێژەر لیسـتی ئامـانج و نـاوەڕۆکی بابەتەکـەی خستەبەردەســـت لیژنەیـــەکی پســـپۆڕی بـــواری پەروەردە و دەروننـاسی و ڕێگاکـانی وانەوتنـەوە و پسـپۆڕانی مـێژوو بـەپێی هاوکێشـەی ( جی کۆپـەر ) هـەرئامانجێك لەو ئامانجانە ڕێژەی رازیبـوونی لـە ( 80% ) زیـاتری ڕەزامەنـدی وەربگـرێ پەسـەند دەکـرێ، پـاش بـەکارهێنانی هاوکێشـەکەو دەرهێنـانی ڕێـژەی سـەدی، ئەوەبـوو ( 111 ) ئامـانج ڕێـژەی ( 80% ) و زیـاتری بەدەستهێنا کە( 38 ) ئامانج لەئاستی بیرهاتنەوە بوو، و ( 41 ) ئامـانج لەئاسـتی ( تێگەیشـتن ) و ( 19 ) ئامـانج لەئاسـتی ( پراکتیك ) و ( 13 ) ئامانج لەئاستی شیکردنەوە بوون، لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەموو ئەو تێبینییانەی کەتایبەت بوون بەلایەنی زمانەوانی و شێوەی داڕشتنەوەی ئامانجەکان ئەو ئامانجانەشی کە پەسەند نەکران دوورخرانەوە.

### 4-4-3 ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی :

خشتەی تایبەتمەندی بریتیە لە نەخشـەیەك بۆ دانانی پرسیار بـەپێی ئامانجی ڕەفتاری و گـرنگی ناوەڕۆك بەمەبەسـتی ئـەوەی پرسـیار بـەپێ ڕێـژەی ئامـانج و گـرنگی نـاوەڕۆکی خوێنـدن بهێنرێتـەوە، سـەرەڕای دانـانی نمـرە بەشـێوەیەکی ڕێکوپێك بـۆ هەرپرسـیارێك لەپرسـیارە دابەشـبووەکانی خشـتەکە( الفـقی : 2014 ، ص 194 ). بڕوانە خشتەی (3-5).

توێژەر نەخشەی تاقیکردنەوەی بەپێی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دانا

أ- دەرهێنانی ڕێژەی گرنگی ناوەڕۆك : بەپێی دیاریکردنی ناوەڕۆکی هەربەندێکی بابەتی خوێندن بەرامبەر بە گرنگی هەموو بەندوو بابەتەکان کە لە ئەزموونـدا دەخوێنـدرێن بـەپێی ئـەم هاوکێشەیە:-

ژمارەی لاپەڕەی هەربەندێکی بابەتی خویندن

ڕێژەی گرنگی ناوەڕۆك = (ژمارەی لاپەڕەی هەربەندێکی بابەتی خویندن ÷ کۆی ژمارەی لاپەڕەکانی بابەتەکان) × 100

ب- دەرهێنـانی ڕێـژەی گـرنگی ئامانجـە ڕەفتارییـەکان : بـەرەچاوکردنی ڕێـژەی گـرنگی هەرئاسـتێك لەئاسـتەکان ، ئامانجـەکانی ( بیرهێنـان ، تێگەیشـتن ، جێبـەجێکرن ، شـیکردنەوە ) لـەچاوگرنگی کـۆی ژمـارەی ئامانجـەکان بـەم هاوکێشەی خوارەوە

ڕێژەی گرنگی ئامانجی ڕەفتاری لەهەرئاستێکدا = (ژمارەی ئامانجی ڕەفتاری لەهەرئاستێکدا ÷ ژمارەی گشتی ئامانجە ڕەفتارییەکان) × 100

ج - دیاریکردنی ژمارەی دەستەواژەکانی تاقیکردنـەوە : تـوێژەر ژمـارەی دەسـتەواژەکانی تاقیکردنـەوەی بـە ( 30 ) دەسـتەواژە دیاریکرد کە دەگونجێ لە گەڵ ئەم پۆلەی خوێندن و ژمارەی بابـەت و مـاوەی ئـەزموون، سـەرباری تەماشـاکردنی هەنـدێ توێژینـەوەی هاومەبەسـت نزیـك لـەم توێژینـەوە کـەژمارەی دەستەواژەکانی تاقیکردنەوەیان ئەوەندەیە یاخود لەمەوە نزیك بوون .

دیـاریکردنی ژمـارەی دەسـتەواژە لەخانـەکانی خشـتەی تایبەتمەندی بەم هاوکێشەیەی خوارەوە بووە :-

ژمارەی دەستەواژە لەخانە = ڕێژەی گرنگی ناوەڕۆك × ڕێژەی گرنگی ئامانجـە ڕەفتارییەکان × ژمـارەی گشـتی دەسـتەواژەکانی تاقیکردنەوە( الجلبی : 2005 ، ص 235 -236 ) .

د- دیزاینکردنی خشتەی تایبەتمەندی :

بـەپێی ڕێکارەکـانیکە لە سـەرەوە خـرانەڕوو، تـوێژەر خشـتەی تایبەتمەندی دیزاینکرد بڕوانە خشتەی ژمارە (3-5).

نەخشـەی ژمارە ( 3) خشـتەی(3-5)خشـتەی تایبەتمەندی بۆ دەستهاتی خوێندن

| بەندی بابەتەکان | ژمارەی لاپەرە | گرنگی ناوەڕۆك | ڕێژەی گرنگی ئامانجی ڕەفتاری | | | | کۆی پرسیارەکان | کۆی ئامانجەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بیرهێنان %34 | تێگەیشتن %37 | جێبەجێ کردن %17 | شیکردنەوە %12 | | |
| بەندی یەکەم | 23 | 43 | 4 | 5 | 2 | 2 | 13 | 38 |
| بەندی دووەم | 11 | 21 | 2 | 2 | 1 | 1 | 6 | 41 |
| بەندی سێیەم | 5 | 10 | 1 | 1 | 1 | - | 3 | 19 |
| بەندی چوارەم | 14 | 26 | 3 | 3 | 1 | 1 | 8 | 13 |
| کۆ | 53 | %100 | 10 | 11 | 5 | 4 | 30 | 111 |

- ژمـارە ناتـەواوەکان نزیککراونەتـەوە بـۆ ژمـارەی نزیـك بەخۆیان

هـ - بەندەکانی تاقیکردنەوە :

بـەپێی ڕێکارەکـانی پێشـوو ، تـوێژەر تاقیکردنەوەیـەکی ئامـادەکرد لـەدوو جـۆر پرسـیار پێکهـاتبوو و پرسـیاری یەکـەم جۆری هـەڵبژاردن ، کە ( 25 ) پرسـیار بـوو، پرسـیاری دووەم ، لـەجۆری گوتاری وەڵام سـنوردار کە ( 5 ) پرسـیار بـوون کـۆی پرسـیارەکان ( 30 ) پرسـیار بـوون . تـوێژە خەسـڵەتە سـایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکـەی بـەم شـێوەیەخوارەوە دەرهێنا .

## 5-3 ڕاستێتی تاقیکردنەوە :

ڕاسـتێتی و دروسـتی تـاقیکردنەوە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـەو مەبەسـتەوە هەیە کەتاقیکردنەوەکەی لەپێناودا ئامادەکراوە، بەمەبەسـتی زانینی ڕاستێتی پێوانەکردنی ئەوە دیاردەیەیی یان ئەو ڕەفتارەی کە بۆی ئامادەکراوە(المخائیل 2016، ص163).

### 1-5-3 ڕاستێتی ڕووکەشی (الصدق الظاهري) Face Validity :

بەمەبەسـتی دەرهێنـانی ڕاسـتێتی تاقیکردنـەوە، تـوێژەر نـاوەڕۆك و لیسـتی ئامانجـە ڕەفتارییـەکانی هـاوپێچی دەقی تاقیکردنـەوە کـردوو خسـتیە بەردەسـت لیژنەیـەکی پسـپۆڕ لەبواری پەروەردە و دەروونناسی و ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پێوانەو هەڵسـەنگاندن و بـواری پسـپۆڕانی مـێژووی کـۆن، پـاش گەڕانـەوەی تاقیکردنەوەکـە و بـەکارهێنانی ڕێـژەی سـەدی بـە پشـت بەسـت بـەڕێژەی لـە ( 80% ) و زیـاتری بڕیـاردان بـۆ هەربەنـدێکی لەتاقیکردنـەوە، دەرکەوت کە هـەر بەنـدێك ئـەم ڕێژەیـان بەدەسـتهێناوە، تـوێژەر ئـەو تێبینیانـەی ڕەچـاوکرد کەتایبەت بوو بە بەزمان و شێوازی دارشتنەوەی برگەکان بەم جۆرە ڕاستێتی و دروستی ڕواڵەتی تاقیکردنەوەکە دابینکرا.

2-5-3ڕاستێتی ناوەڕۆك : دانانی پرسیار بەپێی ئامانج و گرنگی ناوەرۆك بەپێی خشتەی تایبەتمەندی ڕاستێتی ناوەرك دابین کرا . سەرەڕای پشت بەستن بەچەند ڕێگایەکی ئاماری پلەی ئاسانی و گـرانی و هـێزی جیاکـەرەوەی برگـەکان و کـاراێی بەدیلـەکانی هەڵـەی جـۆری پرسـیاری هـەڵبژاردن جێبـەجیکرا بـۆ ئـەوەی هەریـەك لـە پرسـیارەکان بەئەرکەکـەی خـۆی هەسـتێت لـە جیاکەرەوەی قوتابیانی ئاست بەرزو نزم .

**5-3مـاوەی تـاقیکردنەوە:** دیـاریکردنی مـاوەی تـاقیکردنەوە ئـەزموونکردنێکی پێشـوەختەیە و گـرنگی خـۆی هەیـە، لـە هەڵسـەنگاندن و ڕاسـتکردنەوەی ڕێکارەکـانی تاقیکردنـەوە، چونکـە هەرکەموکوڕیـەك لەجێبـەجێکردنی تاقیکردنەوەکـە هـەبێت دەتوانریـت چارەسـەر بکرێـت و، ڕادەی گەیشـتن بەئامانجـەکانی تاقیکردنەوەکـە ڕوندەکرێتـەوە( بـاهی،الازهری: 2006،ص 108). تـوێژەر تاقیکردنەوەکـەی لەسـەر سـامپڵی پەیپێبرد ئەنجامدا، کەبەشێوەیەکی هەڕەمەکی هـەڵبژێردرابوون

لـە( قوتابخانـەی ملەکـەوەی بنـەڕەتی)، بـەوەرگرتنی ( 100 ) قوتابی لە چوار پۆلی حەوتەمی بنەرەتی کەهەمان بابەتەکانی تاقیکردنەوەیان خوێندبوو، دوای ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان و ریزکردنیان لەبەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە، توێژەر رێژەی ( 27% )ی بەسـەرەوە کـە نمـرە بـەرزەکانن و رێـژەی ( 27%)ی خوارەوە کە نمرە نزمەکانن وەرگرت.

هاوكێشەی جیاکردنەوەی هەردوو گروپی بەرزترین و نزمترین نمرە

$$\frac{\text{ژمارەی قوتابیانی تێستکراو} \times 27}{100}$$

اليعقوبي : 2013 ، ص 108 )

### 3-5-1شیکردنەوەی ئاماریی بەندەکانی تاقیکردنەوە

بەمەبەسـتی زانیـنی ئاسـتی گـرانی و ئاسـانی بەنـدەکانی تاقیکردنــەوە هــێزی جیاکــەرەوەو روونی دارشــتن و رێنمــای وەڵامدانـــەوەی تاقیکردنـــەوە و کـــاتی پێویســـت لـــەدوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە بەسەر نموونەی پەیپێبرد توێژەر شیکاری ئاماری بەندەکانی تاقیکردنەوەکەی کرد .

$$\text{ماوەی تاقیکردنەوەکە} = \frac{\text{ماوەی لەسەر خۆترین قوتابی} + \text{ماوەی خێراترین قوتابی}}{2}$$

$$40 = \frac{48+32}{2}$$

( 40 ) خولەك ماوەی تاقیکردنەوەکەیە .

### 3-6هـاوکۆڵکەی گـرانی بڕگـەکان (معامـل صـعوبة الفقرات) Item difficulty Equation

مەبەست لەئاستی گرانی ئەو ئالۆزیەییە کە قوتابی لەوەڵامی دروسـتی پرسـیارەکانی تاقیکردنەوەکـە رووبـەرووی دەبێتـەوە، ئەگـەر پرسـیارێك لەلایـەن زۆرتـرین قوتابیـەوە نـەتوانرا وەڵام بدرێتـەوە، ئـەوا گـران دادەنرێت بەپێچەوانـەوەشـەوە راسـتە( الزاملي ، واخرون : 2009 ، ص 368 ) .

بۆدەرهێنـانی هەربەنـدێك لەبەنـدەکانی تاقیکردنەوەکـە تـوێژەر هاوکێشەی ئاستی گرانی بەکارهێنا و دەرکەوت کەئاستی جۆری بابـەتی دەکەویتـە نیـوان ( 59 ، 0 - 74 ، 0 ) وەئاسـتی گـرانی جۆری گوتاری وەڵام سنوردار دەکەوێتە نێوان ( 55، 0 - 74 ، 0 ) ، ئەمـەش مانـای وایـە کەئاسـتی گـرانی هـەموو بەنـدەکان پەســەندن، چونکــە ئەگــەر ئاســتی گــرانی هەر بــڕگەیەکی تـاقیکردنەوە کەوتـە نیـوان ( 30، 0 - 80 ، 0 ) بەپەسـەند دادەنریت( مراد ، سليمان : 2005 : ص 212 ).

### 3-7هێزی جیاکـەرەوەی برگـەکانی تاقیکردنـەوە (معامل التميز للفقرات) Item Discrimination Power

هـێزی جیاکردنـەوەی برگـە مەبەسـت لـێی هەربرگەیـەك لەبرگـەکانی تاقیکردنـەوە جیـاوازی بکـات لـەنێوان قوتابیـانی ئاست بەرزو ئاست نزمدا لەتاقیکردنەوە( الفقي : 2014 ، ص 198 )، پـاش ئـەوەی تـوێژەر هـێزی جیاکـەرەوەی بەنـدەکانی تاقیکردنەوەی دەرهێنا دەرکەوت کەهێز بۆ بەندەکانی جۆری بابـەتی لـەنێوان ( 33 ، 0 - 48 ، 0 ) دایـە ، بـۆ بەنــدەکانی پرسـیاری جـۆری گوتـاری لـەنێوان ( 40 ، 0 - 51 ، 0 ) دایـە واتـە هـێزی هـەموو بەنـدەکانی تاقیکردنـەوە پەسـەندە چونکـە هـێزی بەنـد بەپەسـەند دادەنرێـت ئەگـەر لەنێـوان ( 30، 0 ) زیاتربێت.

### 3-8 کــارایی بەدیلــەکانی هەڵــە (فعاليــة البــدائل الخاطئة) Effectiveness of distracters formula

کارای هەریـەك لەبەدیلـە هەڵـەکان کاریگـەری لەسـەر وەڵامی قوتابیـان ئـەبێت، بۆیـە تـوێژەر پێویسـتە بـەدیلێك هەڵبژێری کە سەرنجراکێش بێت و گونجاو بێت لەگەڵ ئاسی قوتابی و بابەتی خوێندن، بۆ ئەوەی بەرۆڵە مەبەستدارەکەی خـۆی هەڵبســتێت، بۆیــە تــوێژەر هەســتا بەبــەکارهێنانی هاوکیشەی بەدیلی هەڵە لەسەر بنەمای هەژمارکردنی قوتابیانی هـەردوو گـروپی بـەرز و نـزم ئەوانـەی کـە بـەدیلی هەڵـەیان هـەڵبژاردووە، بـەرەچاوکردنی کارایی هەربـەدیلێك لەبەدیلـەکانی هەڵە بۆ هەربڕگەیەکی پرسیارو بە پەسەندکردنی ئەگەر ژمارەی گروپی خوارەوە ( نمرە نزمەکان ) زۆرتر بێت لە قوتابیانی گروپی سـەرەوە ( نمـرە بـەرزەکان )، ئـەم جیاوازیـەش ( 5% ) کـەمتر نەبێ و ئەنجامی هەریەکەیان بە نەگەتیڤ(سالب) دەربچێت توێژەر هاوکێشەی کارایی هەموو بەدیلەکانی هەریەك لەبرگەکانی پرسـیاری جـۆری هـەڵبژاردنی دەرکـرد، بـۆی دەرکـەوتن هـەموو بەدیلـەکان گونجـاون و سەرنجڕاکێشـن( مـرسی : 1994 : ص 211 ) .

### 3-9 جێگیری تاقیکردنـەوە (ثبات الاختبار) Test Reliability:

مەبەست لەجێگیری واتە تاقیکردنەوەکە هەمان ئەنجام یـان ئـەنجامێك نزیـك بـەو ئەنجامـە بپێـوێت ئەگـەر زیـاتر لەجارێك دووبارە بکریتەوە بەسەر هەمان نموونەدا لەدووکاتی جیاوازدا لـەدوو بـۆ سێ هەفتـە کـەمتر نـەبێت مانـای جێگـیری تاقیکردنەوەکـە دەگەیـەنێت ( عبيدان ، واخرون : 1984 ص 153 ) .

بۆ دەرهێنانی جێگیری تاقیکردنەوەکە توێژەر دوو هاوکۆلکەی بــەکارهێنا ئەوانیش(ئــەلفاکرونباخ)ورێگای ( بــەنیــوەکردن لەرێگـەی هاوکۆلکـەی سـپيرمان بـراون ( Coefficient Sperman – Brown)، دوای پراکتیزەکـردنی هاوکێشـەکە بەسـەر نمرەکانی نموونـەی پـەیپێبرد کـە ( 54 ) نمـرەن نـرخی جێگـیری (863 ،0)بەهاوکێشـەی ئـەلفاو، وە پـاش ریزکـردنی وەڵامی پرسـیارەکان بەشـێوەی تـاك و جـووت نـرخی نـەگۆڕی (886 ،0 ) بـوو بـە رێگای بـەنیوەکردن لەرێگـەی هاوکۆلکـەی

سپیرمان براون ( تجزئه النصفیه)، کە نرخێکی پەسەندە بۆ ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە .

بەم شێوەیە تاقیکردنەوەکە شێوەی کۆتای وەرگرت کە لە ( 30 ) دەستەواژە پیك دێت و نمرەکەیشی. لەنێوان ( 0 - 35 ) نمرەدابوو .

**10-3 ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە ( إعداد خطة التدريسية ) Preparing a teaching plan:**

پرۆسەیەکە لەدانانی پلانی بابەتەکانی خوێندن ، مامۆستا پێش ماوەیەکی دیاریکراو دایدەنێت بۆ پێشکەشکردنی وانەکە لەپۆلدا ، ئەم پلانە توخمە بنەڕەتییەکان لەخۆدەگرێت وەك ناساندنی بابەت ، ئامانجەکان ، ئامرازەکان ، ئەرکی ماڵەوە ، و هەڵسەنگاندن ... هتد . بۆیە دانانی پێویستی بەکارامەیی هەیە لەوتنەوەی هەربابەتێکی خوێندن ( علی : 1992 ، ص 203 ) . توێژەر پلانی بابەتەکانی ئەزموونی دانا، بە پێی ستراتیژیی کارتەکراوەکان و ڕێگای ئاسایی کە ( 21 ) پلانی وانەوتنەوە بوون لەو بابەتانەی کەلە ئەزموونەکەدا دەخوێندرێن، نموونەی پلانێکیش خرانە بەردەم مامۆستایانی پسپۆری پەروەردەیی لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن لەبەر ڕۆشنای تێبینییەکانیان ڕاستکردنەوەی بۆ ئەنجامدراو ئامادەکران بۆ جێبەجێکردن.

**11-3 جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە (تطبيق أداة البحث) Applied tool of research**

پاش تەواوبوونی هەموو ڕێکاریەکان دەستکرا بەوانەوتنەوەی ئەزموونیەکە لە ڕێکەوتی ( 2022/2/7 ) وە تەواوبونی لە ڕێکەوتی ( 2022/4/14 ) بوو. جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکە لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ( 2022/4/21 ) بوو

**12-3 ڕاستی و دروستی ناوەکی و دەرەکی دیزاینی توێژینەوە ( صدق الظاهری و المحتوى للتصميم البحث) Virtual and Confidence of content for design of research**

بریتین لە کۆنترۆلکردنی هەموو ئەو گۆڕاوانەی کە پەیوەندیان بە سەلامەتی ناوەکی و دەرەکی ئەزموونکردنی توێژینەوەکەوە هەیە هەندێکیان ناتوانرێت کۆنترۆل بکرێن و ڕاستەوخۆ پێوانە بکرێن، بەڵام توێژەر واگریمانە دەکات کەکۆمەڵێك لەوگۆڕاوانە هەن وکارلەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە دەبێت ( TUCKMAN , HARPER ; 2012 p 123-124 ) .

- ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر ڕاستێتی ناوەکی و چۆنیەتی کۆنترۆلکردنیان :

- جیاوازی هەڵبژاردن لەنێوان ئەندامانی توێژینەوە : توێژەر توانی بەسەر ئەم گۆڕاوەدا زاڵ بێت ئەویش بەهاوسەنگیکردن لەنێوان گروپەکانی توێژینەوەکە لەو گۆڕاوانەی کەکارلەسەر یان دەکەن .

- ڕووداوی لەناکاو لاوەکییەکان : جێبەجێکردنی ئەزموونەکە هیچ ڕێگرییەکی بۆدروست نەبوو کە کاریکاتە سەر وەستاندن و ڕێگە لەبەردەوامبوونی بگرێت .

- دابڕان و وازهێنانی ئەزموونی : لەماوەی ئەزموونەکەدا هیچ قوتابییەك لە هەردوو گروپی توێژینەوەکە وازیان نەهێناوە یان نەگوازراونەتەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر. تەنها بوونی چەند ئامادەنەبونێك کەتارادەیەك یەکسان بوون بۆ هەردوو گروپ .

- گەشەکردن : هاوسەنگکردن لەنێوان هەردوو گروپ لەڕووی تەمەنیانەوە، وای کرد ئەم هۆکارە کارنەکاتە سەر ئەزموونەکە لەبەر ئەوەی گەشەکردن تارادەیەك یەکسان بوو بۆ هەردوو گروپ .

- ئامرازی پێوانەکردن : بەشێوەی یەکسان ئامرازی توێژینەوەکە بەکارهێنرا لەیەك کاتدا بۆ هەردوو گروپ بەتاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ دەستهاتی خویندن .

- ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر ڕاستێتی دەرەکی و چۆنیەتی کۆنترۆلکردنیان

- کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لە بێ لایەنبوون لەهەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە: توێژەر توانی بەسەر ئەم گۆڕاوەدا زاڵ بێت ئەویش بەهاوسەنگیکردن لەنیوان گروپەکانی توێژینەوەکەو پەیرەوکردنی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی لەنێوانیاندا .

- نهێنی توێژینەوەکە : توێژەر بەڕێککەوتن لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانەکەدا توانی نهێنی توێژینەوەکە بپارێزێت، ئەویش بەناساندنی توێژەر وەك مامۆستایەکی نوێی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرئەوەی کارلەسەر سەلامەتی و ووردی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەبوو .

- مامۆستاو بابەتی توێژینەوە : توێژەر خۆی وانەی بەهەردوو گروپی دەوتەوە، سەرەرای ئەوەی لەڕووی پێدانی بابەتەوە یەکسان بوون .

- ماوەی ئەزموون : تویژەر بەشێوەی یەکسان لەیەك کاتدا لەبەرواری ( 2022/2/7 دەستی کرد بەوانەوتنەوە بۆ هەردوو گروپ و ، ( 3 ) وانەیش لەهەفتەیەکدا بەهەردوو گروپی دەوتەوە. تابەرواری ( 2022/ 4/14 بەردەوام بوو .

- دابەشکردنی بەشە وانەکان : بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم هۆکارەدا بەشەوانەکان بەشێوەی یەکسان دابەشکران بەسەر هەردوو گروپدا کە ( 3 ) وانە بوو لەیەك هەفتەدا و وتنەوەی ئەو وانانەیش لەیەك ڕۆژبوو بۆ هەردوو گروپ .

- بیناو ژینگـەی قوتابخانـە : ئەزموونەکـە لەیـەك قوتابخانـە جێبەجێکرا کە هاوشێوەبوون لەڕووی ڕووبەرو ژینگەی ساردی و گەرمی و بوونی ئامرازەکانی وانەوتنەوە لەپۆلەکانی خوێندندا .

13-3 هاوکێشـــە ئامارییـــەکان ( الوســـائل الاحصـــائیة) : Statistical Methods

- تاقیکردنەوەی تایی ( T.test ) : بۆ دوو نمونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان.
- کـای دووجـا ( کـا2 ) : بـۆ دەرهێنـانی هاوسـەنگی لـەنێوان هـەردوو گـروپی لێکۆڵینـەوە لـە ئاسـتی خوێنـدنی دایکان و باوکانی قوتابیان .
- هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ + هاوکۆلکەی سپیرمان براون : بۆ دۆزینـەوەی جێگـیری تاقیکردنـەوەی دەسـتکەوتی خوێنـدن بەکارهێنرا .
- هاوکۆلکەکانی ئاسانی و گرانی: بۆ دەرهێنانی ڕادەی ئاسانی و گرانی بڕگەکانی تاقیکردنەوە .
- جی کۆپەر + ڕێژەی سەدی : بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ڕازیبوونی داوەرەکان .
- هاوکۆلکـەی جیاکـەرەوە : بەمەبەسـتی هـێزی جیاکـەرەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە .
- هاوکۆلکـــەی بـــەدیلی هەڵـــە : بەمەبەســـتی دیـــاریکردنی سەرنجراکێش بەدیلەکانی پرسیاری هەڵبژاردن .
- هاوکۆلکـــەی دووجـــای ئیتـــا + هاوکۆلکـــەی کـــوهین : بەمەبەستی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوی سـەربەخۆ بەسـەر گۆڕاوی پاشکۆدا .

## 4خستەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

### 1-4 ئەنجامەکان (النتائج ) Results :-

نەبوونی جیاوازی ئاماری لەئاستی ( 0,05 ) لەدەستکەوتی قوتابیان لەنێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونکاری ئەوانەی کەبە ستراتیژیەتی کارتەکراوەکان وانـەیان پێـوتراوەتەوە و کۆمەڵـەی کـۆنترۆڵکراو ئەوانـەی کـە بـەڕێگای ئاسـایی وانـەیان پێـوتراوەتەوە لەتاقیکردنـەوەی دەسـتهاتی خوێندندا ) .

بۆ سـەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە توێژەر تاقیکردنەوەی ( تائی ) بەکارهێنا بۆ ئاشکراکردنی ڕاستی و دروستی گریمانەکە و وە هاوکۆلکـەکانی( ئیتـاو کـوهین ) ی بـەکارهێنا بـۆ قـەبارەی کاریگـەری گـۆڕاوی سـەربەخۆ لەسـەر دەسـتهاتی قوتابیـانی گروپـەکانی توێژینـەوە ئەنجامەکـە لەخشـتەی( 5 - 1)دا خراوەتەڕوو

خشتەی ژمارە (5-1) ئەنجامی تاقیکردنەوەی ( تائی ) بۆزانینی جیاوازی لە ناوەندە نمرەو لادانی پێوەری وبەهای ( تائی ) لە تاقیکردنەوەی دەستهاتی هەردوو گروپ

| گروپ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی ( ت ) تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0,05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونکاری | 22 | 25,27 | 5,329 | 3,343 | 2,021 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکار | 22 | 20,23 | 4,659 | | | |

بەپێی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە دەرکەوت کە جیاوازی بـەڵگـەداری ئـاماری هەیـە لـەنێوان ناوەنـدە ژمـێرەیی هـەردوو گـروپ چونکـە نـرخی ( تـائی ) بریتیـە لـە (3,343 ) گـەورەترە لەنرخی خشتەیی (2,021 ) لەئاستی بەڵگەدار (0,05 ) بەپلەی ئازادی ( 42 ) ، بەمەش گریمانەکە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە لەبری دادەنرێت .

## 2-4 قەبارەی کاریگەری :

بەمەبەسـتی زانیـنی کاریگـەری سـتراتیژیی کارتـەکراوەکان لەسـەر دەسـتهاتی قوتابیان، تـوێژەر هەسـتا بـە جێبـەجێکردنی هاوکۆلکـەی ( ئیتاو کوهین ) (n2) ئاماژەیە بۆ نرخی قـەبارەی کـوهین ( D ) ئاماژەیـە بـۆ نـرخی هاوکۆلکـەی ئیتا لەخشـتەی ژمارە ( 5-2 ) دا ڕوونکراوەتەوە.

خشـتەی ژمـارە ( 5-2 ) نـرخی قـەبارەی کاریگـەری هاوکۆلکـەی ئیتاو کوهین

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | گروپی توێژینەوە | قەبارەی نموونە | پلەی ئازادی | نرخی ( ت ) هەژمارکراو | نرخی قەبارەی کاریگەری | | پێوانەی قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | n2 | D | |
| ستراتیژیەتی کارتەکراوەکان | تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن | ئەزمونکاری | 27 | 42 | 3,343 | 0,210 | 1,03 | بەهێزە |
| | | کۆنترۆڵکار | 27 | | | | | |

قەبارەی کاریگەرییەکە بەهێزە بەبەکاهێنانی ستراتیژییەتی کارتەکراوەکان لەسەر دەستهاتی خویندن بۆ گروپی ئەزموونی چونکە ئەگەر قەبارەی کاریگەری ئیتاو کوهین گەیشتە 0,15 ، 0,84 کاریگەریەکـەی بـەهێزە . وەك لەخشـتەی ژمـارە ( 6) دیارە .

خشــتەی ژمــارە ( 5-3 ) نــرخی ئاســتی ئامــاژەیی قــەبارەی هاوکۆلکەی ئیتاو کوهین

| هاوکۆلکەی بەکارهاتوو | قەبارەی کاریگەری | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بچوك | مامناوەند | بەهێز | زۆر بەهێز |
| N2 | 0,01 | 0,06 | 0,15 | 0,20 |
| D | 0,2 | 0,51 | 0,84 | 1,1 |

( الدردیر : 2006 ، ص 77-80 )

3-4 شیکردنەوەی ئەنجامەکان :

لە ئەنجامەکانەوە ئەوە دەرکەوت کەچەندین جیاوازی ئامـاری لـەنێوان نمرەکـانی هـەردوو کۆمەڵـەی ئـەزموونی و کـۆنترۆڵکراو هەیـە، تاقیکردنـــەوەی دەســـتهاتی خوێنـــدن لەبەرژەوەنـدی گـروپی ئـەزموونی بـوو، ئەمـەیش بەهـۆیی کارایی ستراتیژی کارتەکراوەکان بووە. توێژەر هۆکارەکانی ئەم جیاوازیە دەداتە پاڵ ئەم هۆکارانە:-

- ✓ ستراتیژیەتی کارتەکراوەکان گونجاوە لەگەڵ ئاستی تەمەنی قوتابیـــــانی پـــــۆلی حەوتـــــەمی بنـــــەڕەتی و وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان، چونکە ئەم ستراتیژە

بووە هۆی تێگەیشتنی قوتابیان لە بابەتە خویندراوەکان لە بڕیارلێدراوی خوێندن و هێشتنەوەی زانیاریەکان بۆماوەیەکی درێژ لەیادگەی قوتابیان.

- ✓ ئەم ستراتیژە یارمەتی قوتابیانیدا بە زیادکردنی پاڵنەری فێربوون، ئەمەش بە وروژاندن و بایەخپێدانی زیاتریان بەوانەکە و حەزوئارەزووی قوتابیانی جوڵاند بەرەو وانەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لەکاتی خۆیدا.
- ✓ لەبەرئەوەی خودی قوتابی بوو بەسەنتەری بەژداریکردن لە چالاکی و پرسیارو وەڵامدانەوەی بابەتی وانە، ئەمەش وایکرد باشتر فێربن لەبابەتەکان .
- ✓ وانەوتنەوە بەستراتیژیەتی کارتەکراوەکان متمانە بەخۆبوونی لای گروپی قوتابیانی ئەزموونی زیادکرد، سەرەڕای پشت بەستن بە خۆیان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خویندن و بەرزکردنەوەی ئاستی دەستهاتی خوێندنیان . بەبەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو .

## بەشی پێنجەم / دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار

### 1-5دەرئەنجامەکان(الاستنتاجات) Conclusion :-

1. ستراتیژییەتی کارتەکراوەکان سەرکەوتووترە لەووتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان/مێژوو، لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بەبەراورد بەڕێگا ئاساییەکە لەوتنەوەی هەمان بابەت .
2. بەکارهێنانی ستراتیژییەتی کارتەکراوەکان لەووتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان/مێژوو، بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی کارایی زیاترە لە زیادکردنی دەستهاتی خوێندنی قوتابیان بەبەراورد بە ڕێگای ئاسایی.
3. گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتی زیاتر کرد لای قوتابیان، ڕەنگە ئەمەش هۆکاری مانەوە وپاراستنی زانیارییەکانی
بابەتی وانە بێت لایان .

### 2-5 راسپاردەکان ( التوصیات ) : Recommendations

لەژێر ڕۆشنای ئەنجام و دەرئەنجامەکان، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتەڕوو :-

1. دروستکردنی ژینگەی فێرکاریی گونجاو لەقوتابخانەکان لە جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژانەی کاراییان سەلمێندراوە، لە نێویشیاندا ستراتیژی کارتەکراوەکان .
2. دەتوانرێت ببێتە ئامرازێك بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەی کە هانی مامۆستایانی بابەتەکۆمەلایەتیەکان بدەن لە بەکارهێنانی ئەو ستراتیژە، چونکە قوتابی تێیدا دەبێتە تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوون.
3. گرنگیدان بە خولە فیرکارییەکان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، بەسوود وەرگرتنی لە پسپۆڕانی (ڕێگاکانی وانەوتنەوە) لە وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان لەچۆنیەتی پڕاکتیزەکردنی ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە.

### 3-5 پێشنیارەکان (المقترحات ) Suggestions :-

بۆ زیاتر گرینگیدان بە وانەوتنەوە بەستراتیژییەتی کارتەکراوەکان توێژەر ئەم پێشنیارانەی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەمڕووەوە دەخاتەروو :

1. ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بۆ بەراوردکردنی کارایی ستراتیژییەتی کارتەکراوەکان لەگەڵ ستراتیییژەکانی دیکەی وانەوتنەوە بۆ قۆناغی بنەڕەتی.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی کارتەکراوەکان لەقۆناغەکانی دیکەی خوێندن و نیشاندانی کارایی لەگەڵ چەند گۆڕاوێکی پاشکۆی تر وەك: ( گەشەپێدانی باوەربەخۆبوون ، زیادکردنی ئارەزوو بۆ خوێندن..هتد).
3. ئەنجامدانی توێژینەوەیکی هاوشێوە بە وەرگرتنی جیاوازی ڕەگەز و بابەتی خوێندن.

## 6. سەرچاوەکان


1. ئەلملاح هاشم یەحیا : 2011 : دەروازەیەك لەفەلسەفەی مێژوو : و ، رەسول سلام محمد ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات : هەولێر.
2. بۆکانی سابیر : 2016 : میتۆدی توێژینەوەی زانستی : سلێمانی.
3. حمە قاضی ئەژی : 2016 : کاریگەری سیستەمە هێڵکاریە مەعریفییەکان بەستراتیژی ( T.P.S) لەسەر دەستکەوت و پاڵنەری بەدەستهێنان لای خوێندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبابەتی مێژوودا : نامەی ماجستیر بڵاونەکراوە ، فاکەڵتی پەروەردەی وەرزش و بنەڕەتی - زانکۆی سلیمانی .
4. سەعید فایەق : 2019 : دیداکتیك مۆدێل و میتۆدەکانی وانەوتنەوە : چاپی یەکەم ، چاپخانە تاران ، تاران .
5. سەعید فایەق : 2021 : فیدباك و کارایی خوێندکار زیانەکانی ستایش و خەڵات ، چاپی یەکەم ، چاپخانە تاران ، تاران .
6. عزیز، کریم أحمد : 2021 : ستراتیژە نوییەکانی وانەوتنەوە ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی نارین ، هەولێر
7. ابو الحاج سهاد أحمد ، المصالحه حسن خليل : 2016 : استراتيجيات التعلم النشط : الطبعة الاولى : مركز ديبونو ، عمان
8. ابوالنيل محمود سيد : 1987 : الاحصاء النفسيي والاجتماعى والتربوى : الطبعة الثالث : دارالنهضة العربية ، القاهرة .
9. الازيرجاوى فاضل محسن : 1991 : اسس علم النفس التربوى : الطبعة الاولى ، دار الكتب الموصل .
10. اسعد فرح ايمن : 2017 : استراتيجيات التعلم النشط : دار ابن النفيس : عمان- الاردن .
11. اقديح ألفت فتحى أحمد : 2017 : أثر استخدام البطاقات المروحية فى تنمية بعض مهارات التفكير الرياضى والتحصيل الدراسيى لدى طالبات الصف رابع الاساسيى فى قطاع الغزة : رسالة ماجستير منشورة : كلية تربية - جامعة الازهر - غزة .
12. ألشربينى فوزى : 2005 : التربية الجمالية بمناهج التعليم : الطبعة الاولى : القاهرة _ مصر .

13. امبوسعيدى عبدالله بن خميس ، الحوسينيه هدى بنت على : 2015 : استراتيجيات التعلم النشط 180 استراتيجية مع الامثلة التطبيقية : الطبعة الاولى : دار المسيرة : عمان- الاردن .
14. باهى مصطفى حسين ، عنان محمود عبدالفتاح : 2001 :معاملات الرتباط المقاييس اللامعلمية : الطبعة الاولى: مكتبة النجلو المصرية ، القارة .
15. باهى مصطفى حسين ،الازهرى منى أحمد : 2006 أدوات التقويم البحث العلمى : الطبعة الولى مكتبه النجلو مصرية، القاهرة.
16. جابر عبدالحميد جابر،كاظم أحمد خيرى : 1973 : مناهج البحث فى التربية وعلم النفس :دار النهضة العربية : بيروت - كويت
17. الجبورى صبحى ناجى عبداللة : 2011 :استراتيجيات وطرائق تدريس المواد الاجتماعية: الطبعة الاولى، دار الكتب الوثائق :بغداد
18. الجبوري،صالح صاحب كاظم(2007) : فاعلية التدريس بالتقارير القصيرة والانترنت في اكتساب المفاهيم التاريخية في مادة التاريخ الاوربي الحديث لدى طالبات الصف الرابع في معهد اعداد المعلمات، جامعة بابل ،كلية التربية الاساسية،( رسالة ماجستير غير منشورة) .
19. الجلبى ، سوسن شاكر : (2005 ) : اساسيات بناء الاختبارات والمقايس النفسية والتربوية ، الطبعة الاولى ، مكتبه ابن عموش ،دمشق - سوريا.
20. حافظ عبدالرشيد بن عبدالعزيز : 2012 : اساسيات البحث العلمى : الطبعة الاولى ، مكتبة الملك ، بغداد .
21. حسن استقلال فالح : 2018 : تصميم تعليمى - تعلمى على وفق تراكيب كيجان وأثرهفى تحصيل طلاب الصف الاول متوسط ومهاراتهم فى توليد المعلومات فى مادة الرياضيات : اطروحة منشورة : كلية التربية للعلوم الصرفة/ابن هيثم : جامعة البغداد .
22. الدردير عبدالمنعم أحمد : 2006 : الاحصاء البارامترى واللابارامترى : الطبعة الاولى : مكتبة عبدالخالق ثروت ، القاهرة .
23. الردادى فهد بن عايد : 2019 : التعلم المنظم داتيا والتحصيل الدراسى : الطبعة الاولى ، مكتبة الملك : السعوديه .
24. الزاملى على عبدالجاسم واخرون : 2009 : مفاهيم والتطبيقات فى التقويم القياس والتربوى ، الطبعة الاولى:مكتبه الفلاح ، بيروت - كويت .
25. زاير سعد على ، داخل سماء تركى : 2015 : اتجاهات حديثة فى تدريث اللغة العربية : الطبعة الاولى ، الدار المنهجية ، عمان- الاردن.
26. الزبيدى صباح محسن : 2009 : اسس بناء تصميم مناهج المواد الاجتماعية وأغراص تدريسها : دارالمناهج: اردن - عمان .
27. سعادة جودة أحمد : 2014 : ابراهيم عبدالله محمد : المنهج المدرسى المعاصر : الطبعة السابعة : دار الفكر ، عمان- الاردن
28. سعيد سعاد جبر : 2015 : الزكاء الانفعالى وعلم النفس التربوى : الطبعة الاولى ، عالم الكتب الحديث : عمان- الاردن .
29. سيوەيلى ادريس محمد محمود : 2012 : تقويم المهارات التدريسية لدى مدرسى المواد الاجتماعية فى الحلقة الثالثة من التعليم الاساسى فى محافظة السليمانية بكردستان العراق : رسالة ماجستير غير منشورة : كلاية تربيهة ، جامعة الجمنان _ لبنان .
30. الشمرى ماشى بن محمد : 2011 : 101 استراتيجية فى التعلم النشط : الطبعة الاولى ، السعودية .
31. الضامن منزر عبد الحميد :2007 : اساسيات البحث العلمى : الطبعة الاولى ، دار المسيرة- عمان .
32. عبدالرحمان أحمد محمد :2011 : تصميم الاختبارات اسس نظرية وتطبيقات عملية:الطبعة الاولى : دار اسامه و: عمان- الاردن
33. عبكه رسل جعفر صادق : 2018 : أثر استراتيجية البطاقات المروحية فى تحصيل طالبات الصف الثانى المتوسط فى قواعد اللغة العربية : رسالَه ماجستير منشورة :كلية تربية الاساسية - جامعة بابل .
34. عبيدان زوقان واخرون : 1984 : البحث العلمى مفهومه وأدواته وأساليبة : الطبعة الاولى: دار اسامه: عمان- الاردن .
35. العدوان سيد سليمان ، الحوامدهة محمد فوأد : 2010 : تصميم التدريس بين النظرية والتطبيق : الطبعة الاولى ، دار المسيرة ، عمان- الاردن .
36. العزاوى رحيم يونس كرو : 2008 : مقدمة فى المنهج البحث العلمى : الطبعة الاولى ، داردجلة ، عمان
37. عزيز،كريم احمد(2019):فاعلية توظيف الانترنت وكتابة التقارير القصيرة في اكتساب المفاهيم وتنمية مهارات التفكير التاريخي لدى طلبة مرحلة الثالثة قسم العلوم الاجتماعية في جامعة كرميان،(أطروحة دكتوراه غير المنشورة)،جامعة صلاح الدين،كلية التربية،قسم التربية وعلم النفس.
38. علام صلاح الدين محمود : 2000 : القياس والتقويم التربوى أساسيتة وتطبيقاتة وتوجهاتة المعاصرة : الطبعة الاولى ، دار الفكرة العربى ، القاهرة .
39. العوضى منار عمر : 2019 : أثر استخدام استراتيجية التعلم التعاونيعلى اساس تراكيب كيغان فى التفكير الابداعى فى الارياضيات لدى طالبات الصف السادس الاساسى فى لواء حساب : رسالَه ماجستير منشورة : كلية علوم التربوية ، جامعة شرق الاوسط ، عمان .
40. غنيم محمد عبدالسلام : 2004 : مبادىء القياس والتقويم النفسى والتربوى : مكتبة يوسف الرميض ، القاهرة .
41. الفقى عبد اللاه ابراهيم : 2014 : الاحصاء التطبيقى باستخدام برنامج spss : الطبعة الاولى : دارالثقافى ، عمان- الاردن .
42. فلية فاروق عبدة،الزكى أحمد عبد الفتاح : 2004: معجم المصطلحات التربية لفظا واصطلاحا ،دار الوفاء : الاكسندرية المصر
43. الكراجة عبدالقادر : 1997 : القياس والتقويم فى علم النفس : الطبعة الاولى ، دار اليازورى العلمية : عمان- الاردن .
44. الكنانى عايد كريم عبدعون : 2014 : مقدمة فى الاحصاء والتطبيقات spss : الطبعة الثانى : مكتبة غريب طوس : مصر .
45. كوافحة تيسير مفلح : 2003 : القياس والتقويم واساليب القياس والتشخيص فى التربية الخاصة : الطبعة الاولى : دار المسيرة: عمان- الاردن .
46. اللطيف ايمان عزالدين ابراهيم : 2013 : القيم المرتبطة بمفهوم المواطنة فء مناهج المواد الاجتماعية للصف التاسع الاساسى ومدى اكتساب الطلبة لها : رسالَه ماجستير غير منشورة : كلية التربيه _ الجامعة الاسلامية _ غزة .
47. مجيد سوسن شاكر : 2006 : اسس بناء الاختبرات والمقاييس والنفسيه والتربوية : الطبعة الثالث ،مركز ديبونو ، عمان .
48. محمد شاكر جاسم : 2016 : المواد الاجتماعية مناهجها وطرائق وأساليب تدريسها : الطبعة الاولى ، دار الصادق الثقافية ، العراق - بغداد .
49. محمد شهلا جاسم : 2020 : أثر استراتيجية البطاقات المروحية فى تحصيل مادة الكيمياء عند طالبات الصف الثانى المتوسط : رسالَه ماجستير منشورة : كلية تربية للعلوم الصرفة - ابن الهيثم - جامعة بغداد .
50. مخايل امطانيوس نايف : 2015 : القياس والتقويم النفسى والتربوى : الطبعة الاولى : دار الاعصار العلمى : عمان- الاردن .

51. مخايل امطانيوس نايف : 2016 : بناء الاختبرات وامقايس النفسية والتربوية وتقنيتها ، الطبعة الاولى : دار الاعصار العلمى : عمان- الاردن .
52. مدكور على أحمد : 2001 مناهج التربية أسسها وتطبيقاتها : دار الفكر العربي : القاهرة .
53. مراد صلاح أحمد ، سليمان أمين على : 2005 : الاختبارات والمقاييس فى العلوم النفسية والتربوية : الطبعة الثانية ، دار الكتاب الحديث : القاهرة .
54. مرسى محمد منير : 1994 : البحث التربوى : الناشر عالم الكتب ، القاهرة .
55. نصرالله عمر عبدالرحيم : 2010 : تدنى مستوى التحصيل والانجاز المدرسى : طبعة الثانية : دار وائل : عمان- الاردن .
56. نوفل محمد بكر و ابوعواد فريال محمد : 2009 : التفكير والبحث العلمى : الطبعة الاولى ، دار المسيرة: عمان
57. الوائلى سعاد عبدالكريم : 2004 طرائق تدريس الادب والبلاغة والتعبير بين التنظير والتطبيق : الطبعة الاولى ، الدار الشروق ، عمان- الاردن .
58. Al Matrafi Sameha ;2016 ; THE EFFECTS OF THE ( FAN - N - PICK ) COOPERATIVE LEARNING ON YOUNG SAUDI STUDENTS ; Master Degree ; UNIVERSITY OF New York AT Fredonia . New York .
59. RICHA ANGGRI AMELIA ; 2017 ; THE EFFECTS OF THE ( FAN - N - PICK ) STRATEGY BY CARD ON CARD ON STUDENTS ABILITY IN SPEAKING SKLL ;FACULTY OF TEACHARS TRAINING AND EDUCATION ; UNIVERSITY OF MUHAMMADIYAH SUMATERA UTARA MEDAN .
60. Kristiana Vera ; 2012 ; THE EFFECTEVENESS OF THE ( FAN - N - PICK ) METHOD IN TEACHING READING COMPREHINSION VIEWED FROM STUDENTS SEFF - CONFIDENCE ; UNIVERSITY SURAKATRA .
61. TUCKMAN W. BRUCE AND HARPER E. BRIAN : 2012 :CONDUCTING EDUCATIONAL RESEARCH : PUBLISHED BY ROMAN : PRINTED IN THE UNITED STATES OF AMERICA .
62. SCINCE SUBJECT 5- Rana Khadair Al.Akedi ; THE EFFECTIVENISS OF ( FAN- -N-PICK ) STRATEGY BY SIXTH GRADE PUPLIS ACHIEVEMENT IN THE ADVANCED. 2020 ;Palarchs Jornal OF Key Words ; 17/6/2020 .